# تێکۆشان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی و ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکڕاتی و پاڕلمانی، تێدەکۆشین.

ژمارە: 327 سی و شەشەمین ساڵ ، ٣٠ ڕێبەندانی هەزار و سێسەد و نەوەد و نۆ ی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢٠ ی فێورییەی دوو هەزار و بیست و یەک ی زایینی





# کوشتنی فەخری زادە و ئاکامەکانی!



لە ناوبردنی پاسدار فەخریزادە کە یەکێک لە بەرپرسانی سەرەکی بەرنامەی نهێنی و چەک سازی و سەربازی ئەتۆمی ڕژیمی ئێران، لە کردەوە دەگمەن و سەر سوڕهێنەرەکانی کوشتنی بەرپرسێکی دیاری ئەو ڕژیمە لە ناو خاکی ئێران و بە دیاری کراوی لە نزیک شاری تاران بوو. ڕاپۆرتی هەواڵدەریەکان و ووتەی بەرپرسانی ڕژیم لە سەر کوشتنی فەخریزادە، لە لایەک دەرخەری بێ نەزمی و سەرلێشێواوی کاربەدستانی دەسەڵات دەگەیێنێ ، چونکە هەر کاربەدەستێکی دەسەڵات و تەنانەت ئەندامانی بنەماڵەکەی، هەکام بە شێوەێک باس لە کوژرانی دەکەن کە تا ئێستاش بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە داستانی کوژرانەکەی چۆن بووە، یەکێک دەڵێ دەستەیەکی چەند کەسی چەکدار بەشداربوون لە کوشتنیدا، یەکێک دەڵێ لە سەرەتادا ئوتومبیلێکی نیسان لە سەر ڕێگەکەی تەقێندراوەتەوەو، زۆر لێدوانی دیکە لەو پێوەندەدا باس کراوە، کە لە دوایین لێدوانیشدا، جێگری فەرماندەی گشتی سپای پاسداران ڕایگەیاند لە بە چەکی(زیرەک) هۆشمەند، کە لە ڕێگەی ماهوارە کۆنترۆڵکراوە تەقەی لێکراوە،هەروەها لە لایکی دیکە بێ نەزمی و سەرلێشێوایەکی دیکەی کاربەدەستانی ڕژیمە،کە هەر کام بە شێوەیەک لە هەوڵی خۆدەرباز کردندان لە بەرپرسایەتیان لە حاست ئەو هەلومەرجەو کەمتەر خەمیە ئەمنیەتیەکان، نیشان دەدا.

ترۆری فەخریزادە کاری کێ بووە؟تا ئێستا بەڵگەی تەواو باوەڕپێکراو بڵاونەکراوەتەوە کە هێرشکردنە سەر فەخریزادە کاری چ ووڵات و چ هێزێک بووە، بەڵام کاربەدەستانی ڕژیمی ئێران، بە دیاری کراوی حکومەتەی ئیسرائیل، و بە شێوەی گشتی عەربستانی سعودی و ئەمریکا و نارازیانی دژ بە دەسەڵات بە کوشتنی فەخریزاد تاوانبار دەکەن. هەر لەو چوارچێوەدا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لە ناو ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم کەسانێک هەبوون کە هاوکاری ئەو تیم و ووڵاتەیان کردوە کە لە پشت لەناوبردنی فەخریزادەوە بووە.هەروەها ئەو گومانانەش باس دەکرێ کە وێ دەچێ کوشتنی پاسدار فەخریزاد لە ئاکامی ململانی و ناکۆکی نێوان خودی کاربەدەستانی ڕژیمی ئێران بوبێ. ئاشکرایە کە فەخریزادە لە لایەن هەر ووڵات و هێزێکەوە لە ناوچوبێ بە بێ بوونی پشتیوانی و هاوکاری کەسانێک لە ناو خودی دەسەڵاتدا جێ بە جێ کردنی ئاسان نەدەبوو. هەر بۆیە دەبێ بڵەین کە ئەگەر هێزێکی دەرەکی لە کوشتنی ناوبراودا دەستی بووبێ، بێگومان لە ناوخۆدا و لە ناوەندی دەسەڵاتیشدا کەسانێک دەوریان گێڕاوەو کاریگەریان هەبووە لە ئەنجامدانی ئەو کارە.هۆی شاردنەوەی ناوی فەرخریزاد و دووری لە بەرنامەی ئەتۆمی!.

ڕژیمی ئێران ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە نەیان ویستوە فەخریزادە، لە لایەن ناوەندە جیهانیەکان و بە تایبەت لە لایەن ئاژانسی جیهانی وزەی ئەتۆمی بناسرێ، وە چەندین جار داوای بەرپرسانی ئاژانس بە مەبەستی چاوپێکەوتنی ناوبراویان ڕەد کردۆتەوە. هەروەها هەوڵیان داووە کاریان کردوە بۆ ئەوەی کە فەخریزادە کە دەگوترێ دووری بەرچاوی لە بەرنامەی ئەتۆمی هەبوە،ناوی بە شاراوەیی بمێنێتەوە.

لێرەدا گومانیش دەکرێ،کە شاردنەوەی فەخریزادە بە مەبەستی بەلارێدا بردنی زانیاریەکان و ئەو چاودێریانەی کە ناوەندە زانیاری و ئەمنیەتیەکانی جیهان و ئاژانسی جیهانی وزەی ئەتۆمی لە سەر گەلاڵە شاراوەکانی ڕژیم هەیانە. وێ دەچێ بەو کارەیان ناوبراویان کردبێتە نێچیر بۆ ڕزگار بوونی گیانی مۆرە ئەسڵی و سەرەکیەکانی گەلاڵەی چەک سازی ئەتۆمی. هەر کام لەو دوو بەراوردەی لە سەرەوە باسم کرد دروست بێ، ئەو ڕاستیە دەسلمێنێ کە شاردنەوەی ناو، وە دەوری فەخریزادە، چ وەک نێچیرێک بۆ دەرباز بوون و ڕزگار بوونی گیانی مۆرە سەرەکیەکانی بەرنامەی ئەتۆمی، وە یا لە بنەڕەتدا بۆ پارێزگاری لە خودی ناوبراو بوبێ، دەرخەری ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئێران لە هەوڵی چروپڕدایە بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆم، دەنا ئەگەر مەبەستی ڕژیم دروست کردنی بۆمبی ئەتۆم نیە، شاردنەوەی کەسێک و ئەو گشتە نهێنی کاریە لە پێوەند بە فەخریزادە لە بەر چی بوو، لە کاتێکدا زۆربەی بەرپرسان و ئەو کەسانەی کار لە گەلاڵەی ناوکەییدا دەکەن ناسراون.

لێرەدا گومانیش دەکرێ،کە شاردنەوەی فەخریزادە بە مەبەستی بەلارێدا بردنی زانیاریەکان و ئەو چاودێریانەی کە ناوەندە زانیاری و ئەمنیەتیەکانی جیهان و ئاژانسی جیهانی وزەی ئەتۆمی لە سەر گەلاڵە شاراوەکانی ڕژیم هەیانە. وێ دەچێ بەو کارەیان ناوبراویان کردبێتە نێچیر بۆ ڕزگار بوونی گیانی مۆرە ئەسڵی و سەرەکیەکانی گەلاڵەی چەک سازی ئەتۆمی. هەر کام لەو دوو بەراوردەی لە سەرەوە باسم کرد دروست بێ، ئەو ڕاستیە دەسلمێنێ کە شاردنەوەی ناو، وە دەوری فەخریزادە، چ وەک نێچیرێک بۆ دەرباز بوون و ڕزگار بوونی گیانی مۆرە سەرەکیەکانی بەرنامەی ئەتۆمی، وە یا لە بنەڕەتدا بۆ پارێزگاری لە خودی ناوبراو بوبێ، دەرخەری ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئێران لە هەوڵی چروپڕدایە بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆم، دەنا ئەگەر مەبەستی ڕژیم دروست کردنی بۆمبی ئەتۆم نیە، شاردنەوەی کەسێک و ئەو گشتە نهێنی کاریە لە پێوەند بە فەخریزادە لە بەر چی بوو، لە کاتێکدا زۆربەی بەرپرسان و ئەو کەسانەی کار لە گەلاڵەی ناوکەییدا دەکەن ناسراون.

کاریگەری کوشتنی فەخریزادە لە سەر گەلاڵەی ڕژیم لە دروست کردنی بۆمبی ئەتۆم!کاربەدەستانی ڕژیم ئەو ڕاستیە ناشارنەوە کە کوژرانی فەخریزادە زیانێکی گەورەی لە گەلاڵەی سەربازی ئەتۆمیان داوە، بەڵام ئەوە دوو پات دەکەنەوە کە کوژرانی ناوبراو نەک ناتوانێ بەربەستێکی کاریگەر دانێ لە بەردەم گەلاڵە ئەتۆمیەکانیان و بە دیاری کراویش لایەنی سەربازی ئەتۆمی، بەڵکو دەبێتە هۆی سوور بوون و بەردەوام بونیان لە گەلاڵەی شاراوەی ناوکەیی. وەک لە قسەو لێدوانەکانی دەسەڵاتدارانی ڕژیم دەردەکەوێ،گەرەکیانە لەو هەلومەرجەی کە بە دوای کوشتنی فەخریزاد و ئەوپڕۆتستۆکردن ومەحکوم کردنە زاهیریانەی حکومەت و ناوەندە جیهانیەکان بە دوای ترۆری ناوبراو هاتۆتە ئاراوە، بۆ پەرەپێدانی گەلاڵە ناوکەییەکان و هەروەها کەم کردنەوەی چالاکی وکاری چاودێرانی ئاژانسی جیهانی وزەی ناوکەیی بەکار بێنن. کە ئەو ڕاستیەش لەو نامەی ڕژیم لە ڕۆژی چوارشەممە 2ی دسامبر کە بۆ ئاژانسی جیهانی وزەی ئەتۆمی ناردوە کە تیایدا ئاگاداری کردوون سێ زنجیرەی سانتریفوژی (ئای ئار- 2م) لە ناوەندی ناوکەیی نەتەنز بە مەبەستی پالاوتە کردنی ئۆرانیوم 20% دابینکردوە.

بۆلاپەرەی 2

تا ستەمم لە سەرە ڕێی خەباتم لەبەرە



کوشتنی فەخری زادە و ئاکامەکانی! {١}


بازرگانانی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی ڕژیمدا!. {2}


کوت و بەندەکانی سەر ڕژیمی ئێران درێژەیان دەبێ؟{3}


دیداری نێوان سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە{4}


کاریگەری خەسارە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر توندوتیژی دژ بە ژنان{4}


ئەگەر بەسەر ترسدا زاڵ بین! {5}


ۆژی جیهانی پیاوان!{5}


کردەوەی ترۆریستی لە پێناسە سەرەکیەکانی دەسەڵاتە ئێرانە {6}


ڕەخنەگرتن هۆیەک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە {6}


یەکێک لە سەرەکیترین بەربەستەکانی بەردەم بزوتنەوەی مافخوازانەی ژنان {6}


پەیامی پیرۆز بایی سکرتێری گشتی سازمان بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی کۆماری کوردستان{7}


مەترسی ئینترنێت بۆسەر پێوەندیە خێزانی و کۆمەڵایتیەکان {6}


بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی سیاسی بۆ ئەندامانی سازمانی خەبات لە دەرەوەی ووڵات{7}

پیرۆزبێ یادی ٤٢ ساڵەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی دەسەلاتی شا{8}

پاشماوەی لاپەڕەی یەک {1}

... بەو پێ یە کوشتنی فەخریزادە بۆتە بیانوو بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی چەک سازی و لایەنی شاراوەی ناوکەیی.ئایا تۆڵەی فەخریزاد دەکەنەوە؟ بە داوای لە ناوبردنی پاسدار موحسین فەخریزادە،کە دەسەڵاتدارانی ڕژیم بە کەسی کاریگەرو باوکی گەلاڵەی ئەتۆمی سەربازی دەیناسێنن،زۆربەی کاربەدەستانی دەسەڵات لە قسەکانیاندا بەڵێنی تۆڵە کردنەوەی خوێنی ناوبراویاندا. ئاخوند خامنەیی لە کۆبوونەوە لە گەڵ بەرپرسانی ڕژیم داوای کرد تۆڵەی فەخریزادە بکەنەوە، ئاخوند حەسەن روحانی لە کۆبوونەوەی کابینەی حکومەت ڕایگەیاند ئۆرگانەکانی پێوەندیدار لە کات و هەلی لە باردا تۆڵەی دەکەنەوە. دیارە هەر یەک لە فەرماندەو بەرپرسانی سپای پاسداران بە شێوەی جۆراوجۆر باسیان لە تۆڵە کردنەوە کردوە. جێگەی ئاماژەیە کە هەڕەشەو باس لە تۆڵە، لەکوژران و بە سزاگەیاندنی قاسم سلیمانیش لە لایان بەرپرسانی ڕژیم پڕوپاگەندەی زۆری بۆ کرا بەلام نەک نەیان توانی هیچ کردەیکی بەرچاو لە بەرانبەر ئەمریکادا ئەنجام بدەن بەڵکو لە کردەویکی ئابروبەرانەدا، فڕۆکەیکی نەفەر هەڵگری ئۆکرانیایان بە موشەکی سپای پاسداران لە ئاسمانی ئێران خستە خوارەوەو زیاتر لە 170 مرۆڤی بێتاوانیان کوشت. بێگومان ئەو تۆڵەیەی ئاخوندەکان لە خوێنی فەخریزادە باسی دەکەن ڕەنگە تەنیا لە سەرکوتی خەڵکی ئێران و ئیعدامی کەسانی تێکۆشەرو ئازادیخوازو بێ تاوان لە ئێراندا جێ بەجێ بکرێ. خۆ ئەگەر مەبەستیان لە تۆڵەکردنەوە، ئەنجامی کردەوەی ترۆریستی و تەقاندنەوەی سەفارەت و پێگە دیپلۆماسی و ئابوری و ئایینە جیاجیاکان لە سەرانسەری جیهاندا بێ، بێگومان هەموو دەزانن کە لە ماوەی تەمەنی ئەو دەسەڵاتەدا کردەوەی ترۆریستی و هەڕەشە بۆ سەرهێمنایەتی جیهان و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە کردەوە لە پێشینەو سەرەکیەکانیەتی و هەر لە سەرتاوە ئەو ڕژیمە دەست پێشخەر بووە لە هێرش بۆ سەر وولاتان و ئاژاوەگێری.لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیە بکەم کە ئەوە ڕژیمی ئاخوندیە بڕیاری شەڕی لە گەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و وولاتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردۆتە بەرنامەی سەرەکی کردەوەکانی لە سیاسەتە زیانبارەکەیدا. بێگومان تا ڕژیم بەردەوام بێ لەهەڕەشەکردن و مەترسی بێ بۆ سەر وولاتانی جیهان و بۆ سەر وولاتانی ناوچەکە، ئاڵۆزی و مەترسی سەرهەڵدانی جەنگ و کوشت وبڕ لە ناوچەکەدا کۆتایی پێ نایێ.

# بازرگانانی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی ڕژیمدا!.

نووسینی: هۆگر



لە مانگی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە بازرگان و خاوەن سەرمایەکانی ناسراو لە ناوچەکانی کوردستان لە لایەن ناوەندەکانی ئەمنی سوپا و ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیم بانگهێشت و دەیان کەسیش تا ئێستا دەستبەسەر کراون. بە پێێ زانیاریەکانی ناوخۆ تەنیا لە سێ شاری بانە و سەقز و مەریوان پتر لە بیست کەس لە بازرگان و سەرمایەدارانی کوردستان راکێشی ئیدارەی ئیتلاعات کراون و بە بیانوی جۆراوجۆر لە ژێر چاوەدێری و گوشار دان . بابەتی کەم فرۆشی، پاشقولدانی کەل و پەل، زەوی و زار، ماڵیات، قاچاخی کەل و پەل و موعاملەی دۆلار و ... لەو بابەتانەن کە ڕژیم سەرمایەدارانی پێ خستۆتە ژێر فشارەوە. دیارە بەرپرسانی ئەمنی لەم هەروژمە نوێیەدا بۆ سەر خاوەن سەرمایەکان، داوای باج و بەرتیل و پشکی خۆیان دەکەن و هەموو جۆرە تۆمەتێکیش دەخەنە پاڵ ئەو کەسانە بۆ ئەوەی لەو موعامەلەیەدا بە دانی بەڵێنی بۆ ڕزگارکردنی گیانیان، بتوانن سامان و سەرمایەکانیان لێ بستێنن.

ئەوەی ئاشکرایە و هەمووانیش تێگەیشتوون ئەوەیە کە ڕژیم بە گەمارۆکانی ئامریکا، بارێکی نائاسایی کەم وێنەی بۆ درووست بووەو نە پووڵی فرۆشتنی نەوت و پووڵی فرۆشی هەناردەکانی ناوخۆیی، بۆتە کێشەیەکی کوشندەی ئابووری و تا دێت و پێی دەچی زیاتر بینەقاقای حوکمرانی دەگوشێت و پێش ئەوەی لە هەناسەی بخات، کاربەدەستان لە بیری خۆ دەربازکردندان لەو تەنگەژەیە و بۆیەش بە دوای دەرفەت بۆ پشوو و هەناسەیەکن، تا کاتێک دەستیان بە داراییەکانی دەرەوەی وڵات بگات و بتوانن لە هەر ڕێیەکەوە بێ و بە هەر نرخێک بێت بوودجەیان دابین بکەن و درێژە بە بوون و مانەوەیان بدەن.

گوشاری ڕژیم بۆ سەر سەرمایەداران و بازرگان و خاوەن پیشەکانی کوردستان لە درێژەی ئەو سیاسەتە فاشیستی و سەرکوتکەرانەی ڕژیم دایە کە جینی هەژاریشی پێ دەچەوسێنێتەوە و لێرەدا چەند مەبەستێکی لە پشتە :

١.ساندنی پشک بۆ حکومەت ( لە جیاتی ماڵیات ) و پڕکردنەوەی شوێنە خاڵیەکانی بودجەی ساڵانە و چێبەجێ کردنی کێشە ئابووریەکانی .

٢.ساندنی پشکی کاربەدەستان لە ڕێی خەڕاج و بەرتیل وەرگرتن

٣.لە ناوبردنی ناوچە سەقامگیر و تازە پێگرتووە ئابووریەکان لە کوردستان دا

4. لە ناو بردنی پێکهاتەی چینی مام ناوەندی.

٥. وێرانکردنی ئابوری کوردستان

ئیدارەی ئیتلاعات راستەوخۆ بە زۆربەی دەوڵەمەندەکانی راگەیاندووە کە دەبێ بڕی یارانەی مانگانەی خەڵک لە شارەکانی کوردستان دابین بکەن. بەو پێیە دەیانەوێ پتر لە سێ هەزار و شەشسەد میلیارد تمەن لە هەر مانگێکدا بگەڕێننەوە بۆ گیرفانی خۆیان و کێشەی یارانەی خەڵک بە شێوەیە قەرەبوو بکاتەوە.

هەر وەها بە ئاشکرا بە سەرمایەدارانیان راگەیاندوە کە پتر لە چەندها میلیاردیان داوا کردووە کە دەبێ ڕاستەوخۆ بیخەنە حسیسابەکانی ڕژیمەوە.

لە سەر بابەتی بورسیش، دیمان کە هەم خامنەیی و هەم ڕۆحانی بە ئاشکرا ڕێکلامیان بۆ بورس دەکرد بۆ ئەوەی خەڵک ئەو برە پووڵەش کە پێیان بوو بیخەنە بورسی حکومەتی و بۆ بازار گەرمی بورس، بە فێڵ بۆ ماوەیەک سود و بەهرەیان دا بە هەندێک کەس... بورسیان داماڵی و بە پێی وتەی وەزیری دارایی ڕژیم توانیان ٣٢٠ هەزار میلیارد تمەن سوود لە بورس بە دەست بهێنن. ئەوە قازانجەی ئەوان باسی لێدەکەن و بە قەرەبووی بوودجە ناوی لێ دەبەن تەنیا بە تاڵانبردنی سەرمایەی چینی مامناوەندی بوو و دوای ئەوە بوو کە هەزاران کەس وەک دۆڕاوی ئابووری سامان و سەرمایەیان لە دەست چوو.

بابەتی قازانجی کۆمپانیا هەرەمیەکان و ماڵپەڕەکانی یانسیب لە ناو خۆ و دەرەوەی ئێران و بابەتی سوودی دۆلار و بۆ نموونە بەرز و نزم کردنەوەی نرخی دۆلار و زێڕ و ئیختلاس و مایەپووچ بوونی دەیان بانک و .... سەرجەم ئەم فرت و فێل و چەتەیی و بەتاڵانبردنانەی ڕوویدا، بەشێک بوو لە پڕوسەیەک بۆ لێ ساندنی ئەو برە سەرمایەی کە بە دەست بەشێک لە چینی مامناوەندی وڵاتەوە مابوو، چونکە چینی ژێر دەست و هەژار دەمێکە یە لاواز و بێدەسەڵات کراووە و هیچ سەرمایەیەکی پێ نەماوە . ڕژیم بەو بەرنامەیە ڕێژەی چینی هەژاری زۆرتر و بەربلاوتر کرد، چوونکە سات بە سات چینی مامناوەندیش بێ سامان دەکرێت و دێتە ڕیزی چنی هەژارانەوە.

مەترسی ئێستای سەرمایەداران بۆ ڕژیم چیە :

١.سەرمایەدارانی کوردستان توانیان بە جێی حکومەت کار و پیشە دروست بکەن. ئەوان بە سەرمایەی خۆیان سەدان کەسیان لە شار و گوندەکان خستە ژێر باڵی خۆیان. ڕژیم ئەو بابەتە قەبووڵ ناکات چونکا ڕۆلی حکومەت کەم و لاواز دەکات.

٢.دەوڵەمەندەکانی کوردستان لە پێک هێنا و کاڵا و شتومەکی بیانیان هاوردە کرد. دوکان و بازاڕیان پێ گەشاندەوە و بەشێکی زۆری لاوانی کوردستان بە یارمەتی ئەوان توانیان لە ئێران و چین و ئیمارات پیشەی بازرگانی مودێرن فێر ببن. ڕژیم بە توندی دژی ئەوەیە کە ناوچە کوردنیشنیەکان لە بواری ئابوری و خۆشگوزەرانی و لە ئاستێکی باشدا بێت، دیارە هاوسەنگییەک هەیە لە نێوان باری باشی ئابووری و ئاستی کەلتوور و خوێندەواریدا و ڕژیم ئەترسێت پەرەپێدانی کاری ئابووری سەرمایەدارەکان لە ناوچە کۆردنشینەکاندا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی و ئاگابوونەوەی گشتی و .... دیارە کۆنترۆڵکردنی ناوچە هەژار و بێدەسەڵاتەکان بۆ ڕژیم زۆر ئاسانترە، بۆ نموونە لە سیستان و بلوچستان، کرمان، خوزستان، ئیلام و لۆرستان بە هۆی بە تاڵانبردنی نەوت و گاز و سەرمایەی خەڵک، لە باری کەلتووری و کۆمەڵایەتی وسیاسیشەوە خەڵکانیان لە بارێکی خراپدا ڕاگرتووە ، ئەوە بۆ ڕژیم هیواو ئامانجە، چونکە خەڵکی بێ دەسەڵات لە هەر بوارێکەوە بێت سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی بە ئاسانی کۆنترۆڵ و سەرکوت دەکرێن.

٣. لە نەبوونی کەسانی سەربەخۆ و سەرکوتی خەڵک و کەسایەتیەکان، ڕژیم دەترسێت کەسانێک لەناو سەرمایەدارەکاندا ببنە جێی سەرنجی خەڵک و لایەنگر بەدەست بهێنن، بە تایبەت ئەگەر لە بازنەی ئەوان دا نەبن. ڕژیم هەرگیز ڕێی بەو جۆرە حاڵەتانە نەداوە و تەنانەت دەیان کەس لە جاش و بەرپرسانی ناوخۆشی بە و هۆیەوە تیرۆر کردووە و وەک دەڵێن مۆرەی سووتاو لە کاتی خۆی لە لایەن ڕژیمەوە کۆتایی پێ دێت.

دوای هاتنە سەر کاری کابینەی حەسەنی ڕوحانی لە ساڵی ١٣٩٢ و دەرخستنی دزی و تاڵانچیەتی کاربەدەستانی دەوڵەتی دزان (ئەحمەدینەژاد) لە لایەن باندی دزتر (ڕۆحانی)، کەسانێکی زۆر لە سەمایەدار وبازرگانانی بەناوبانگ لە ناو بازنەی دەسەڵات و نزیک لە ڕژیم کەوتنە ژێر چاوەدێری و بانگهێشتی ناوەندە ئەمنیەکان و دادگایی کران.

کاتێک ئەحمەدینەژاد دەیگوت گەمارۆکان کاغەزی شڕن و ئێمە دکتۆرای دەوردانەوەی گەمارۆکانمان هەیە، باسی لەو بابەتە دەکرد کە بە یارمەتی سەمایەداران یان کەسانی ناو حکومەت خەریکی دروست کردنی کۆمپانیای ساختە لە ئێران و وڵاتانی تر بوون تا کەل و پەلی پێویستیان لە کاتی گەمارۆکاندا بۆ ناو ئیران بگوازنەوە و لەو نێوانەدا بە یارمەتی وڵاتانێکی وەک ئیمارات، مالیزی، قەتەر، عیراق و تورکیا توانیان بێجگە لە کڕین و گواستنەوەی کەل و پەل، دراوییش ئاڵوگۆڕ بکەن.

لەو کاتەدا ژمارەیەک سەرمایەداریان درووست کرد لە کەسانی بەردەستیان بۆ ئاڵوگۆڕی دراو و کەل و پەل و هەروەها درووست کردنی کۆمپانیای ساختە و دوور لە چاوەدێری ناوەندکانی جیهانی(FATF).

بۆ ماوەیەک کەسانێک لە بازرگان و خاوەن سەرمایەکان لەو بوارەدا لە گەمەی سیاسی و ئابووری حکومەت لە نێوان کاربەدەستانی باندە جیاوازەکانی ڕژیمدا خەریکی پەرەدان بە کار و سامان بوون و ئێستا کە ڕژیم کاری پێیان نەماوە دێتەوە سەر خاڵی سفر و پێیان دەور دەکاتەوە.

بابەتی بەرچاو و دڵخۆشکەر لەو بوارە دا ئەوەیە کە سەرمایەدار و بازرگانەکان لە ڕژیم دەتەکێنەوە و ئەوە بۆ وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی زۆر گرینگە و هەرکات سەرمایەدارەکان دژی حکۆمەتەکان بووبن ئەوا چینی هەژاریش ورەوی بۆ وەرچەرخان زیاتر بووە ، خاڵی مەترسیداری بابەتەکەش ئەوەیە بەو گوشارانەی ڕژیم، سەرمایەدارەکان بیانهەوێ سەرمایە و سامانەکانیان لە کوردستان ببنە دەر و بەو پێیەش خەلکی هەژاریش لەوە زیاتر تووش کێشە دەبن و بۆ نمونە تەنانەت کۆڵبەر و دووکانداران و زۆر پیشەی تریش کە خەڵکی کۆرستان پێی دەژین بە هۆی هاوردەکردنی کەل و پەلی سەرمایەدارەکان بووە کە ئەوش مەترسی لەناوچوونی دەبێت وخەڵک لەوە هەژارتر دەبن، چونکە ڕژیم بە هیچ شێوەیەک سەرمایەگوزاری لە کوردستان ناکات و دژی هەر جۆرە پێشکەوتنێکی پیشەیی و ئابووریە و پێشەسازی و ئابووری لە ناوەندی ئێراندا بۆتە هێڵێکی سوور و کەنارەکان (دوور لە ناوەند) مافی سەرمایەگوزاری و پیشەسازییان نەبووە.

بۆیە ئەگەر ڕژیم ئەو حاڵەتەی لە کوردستان گرتوویەتیە بەر، بەرانبەر سەرمایەداران و کاری ئابووری لە ناوەند و پێتەختیش ئەنجامی بدات شەپۆلێکی کاریگەری ئابووری و نازازیبوون درووست دەبێت، هەرچەند تا ئێستا هەموو کووت و بەند و هالاواردن و قەدەغە ئابووریەکانی سەر کوردستان و ناوچە دوور لە ناوەندەکانی تەنیا بە مەبەستی کۆنترۆڵ و سەرکوتی پەراوێزی ئێران و تەیار و پتەو کردنی ناوچە ناوەند نشینەکان بووە.

## ڕفاندن و ترۆری دژبەرانی ڕژیمی ئاخوندی کردەوەیەکی دژی ئینسانیە!.

ڕوحوڵڵای زەم، جەمشید شارمەهد، فەرەجوڵڵا چەعەب، لەوکەسانەن کە لەم ماوەیەدا ڕژیمی ئێران بە فریودان هێناونیە وڵاتانی دراوسێی ئێران و دواتر ڕفاندونی.ڕفاندنی ئەو کەسانە تاوانێکی دژی ئینسانیە کە تەنانەت لە دادگایێکی نمایشیدا بەبێ ئەوەی تاوانەکەیان لەسەر سابت ببێ، کارێکی نایاساییە و ئەو دەوڵەتانەی کە بە یاسا نێونەتەوەییەکان پێبەندن، دەبێ لەڕێگای یاسایی (ڕادەستکردنەوە) داوای تاوانبارەکان بکەن. وڵاتە ئوروپاییەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن کلتوری مافی سەربەخۆ و پێشکەوتوون لەکاتێکدا بزانن دانەوەی کەسێک مەترسی لەسەر گیانی هەیە، نایدەنەوە بە وڵاتی خۆی. بەڵام هەندێک وڵات وەکوو عێراق، کە بەیاسای پێشکەوتووی مافی مرۆڤ پەیوەست نەبووە، بەربەستێکی بۆ دانەوەی کەسێک کە لەوانەیە شکەنجە ویا لەسێدارە بدرێ، نیە. یاسای کۆنوانسیۆنی ئوروپایی مافی مرۆڤ دەڵێ، لەکاتێکدا کە دانەوەی کەسێک ببێتە هۆی لەناوچوونی مافە سەرەتاییەکانیان وەکوو ئەگەری شکەنجە و یان گیان ستاندنیان، دەبێ ئەو وڵاتانە نەیاندەنەوە و ئەم کۆنوانسیۆنە بە پێچەوانەی ئەوەی کە ناوی ئوروپایی هەیە، بەڵام هەندێک لە وڵاتانی غەیری ئوروپاییشی تێدایە وەک تورکیە. بە پێی ڕاپۆرتەکان فەرەجوڵڵا چەعەب"ناسراو بە حەبیب ئەسیود ڕێبەری پێشووی جوڵانەوەی ئەلنزال " لەشاری ئیستانبول کە لەلایەن ئافرەتێکەوە فریو درا و بەدەستی قاچاغچیەکی مەوادی هۆشبەر ڕفێندرا بۆ ناوخۆیی ئێران، هیچ بەرپرسێکی فەرمی ئەم کردەوەیەی لەئەستۆ نەگرتووە و ئەمە نەک ناوی (ڕادەستکردنەوە) نیە بەڵکوو ڕفاندنی نێونەتەوەییە. هەروەها جەمشیدی شارمەهد و هێنانەوەی لەڕێگای وڵاتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی وعومان نەک ڕادەستکردنەوە نەبووە، بەڵکو ئەمەش نموونەیێکی دیکە لە ڕفاندنی نێونەتەوەیی لەخاکی وڵاتانی دراوسێیە.لەزۆربەی کاتەکان کە ڕژیمی ئاخوندی شانسی گەڕاندنەوەی یاسایی دژبەرانی خۆی نیە، لەڕێگای ڕفاندنی نێونەتەوەیی کارەکەی جێبەجێ دەکات. لەم پەیوەندیەدا هەواڵدەری ڕۆیتەرز، ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی سەرماوەز، ڕایگەیاند کە گروپێکی یازدە کەسی لە ئیتلاعاتی ڕژیم کە لەگەڵ قاچاغچیەکی مەوادی هۆشبەر کاریان دەکرد و ئەو قاچاغچیە بەڕێوەبەریان بووە، لە تورکیە دەسبەسەر کراون. هەر بە پێی ڕاپۆرتی ئەو هەواڵدەریە، ئەم گروپە ١١کەسیە هەوڵی ڕفاندن و ترۆری دژبەرانی ڕژیمی ئێرانیان داوە کە لەلایەن پۆلیسی تورکیە دەسبەسەر کراون. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، هەر ئەم گروپە فەرەجوڵڵا چەعبیان ڕاکێشاوە بۆ تورکیە و پاش ڕفاندنی گواستویانەتەوە بۆ ئێران. ئەم گروپە لەژێر دەستی ناجی شەریفی زیندەشتی" قاچاغچی مەوادی هۆشبەرە و لەگەڵ ئیتلاعاتی ڕژیم لە پێوەندیدا بووە. ڕژیمی ئێران لە ڕێگای ئافرەتانێک لە ژێر ناوی پەرەستو( یەڕەسێلکە)، دەیانڕفێنێ وبەردەوامە لە ترۆر و ڕفاندانی دژبەرانی خۆ



# له کەربەلاوە بۆ شام و قودس!

نووسینی: سیامەند




لە سەردەمی جەنگی 8 ساڵەی ئێران و عێراقدا، یەکێک لە دروشمە بنەڕەتیەکان و هەروەها یەکێک لە هۆکان بۆ هاندانی کەسانی ساویلکە لە ئێران، بۆ بەردەوام بوونی ئەو جەنگە پڕ لە زیان و ماڵوێرانکەرە، دروشمی ڕێبەرانی ڕژیمی ئێران، لە سەرویانە خومەینی، ئەوە بوو کە دەیان ووت لە ڕێگەی کەربەلاوە بەرەو قودس دەچین و ئیسرائیل لە ناو دەبەین.هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە، یەکێک لە سیاسەت و ئامانجە سەرەکیەکانی ئەو دەسەڵاتە، ناردنی ئینقلابی خومەینی بوو بۆ ووڵاتانی دیکەو دروشمی لە ناوچوونی ئیسرائیل و بە دەست هێنانی مەککە و مەدینە لە عەرەبستانی سعودی و قودس لە فلستین و کەربەلاو نەجەف لە عێراق. دەسەلاتدارانی ڕژیم لە ئێران بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە پاوانخوازو زیادەخوازانەو هەروەها بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات بە سەر شوێنە پیرۆزەکانی موسڵمانان 40 ساڵە سەرمایەو داهاتی نەتەوەیی خەڵکی ئێرانیان بە فیڕۆداوە. سیاسەت و ئامانجی پاوانخوازانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئێران بۆ پێکەوە بەستنەوەی عێراق،سوریەو لوبنان و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە سەر ئەوو ووڵاتانە، بە تێ چووی ملیاردها دۆلار پووڵ بۆ ڕێکخراوی تڕۆریستی حیزبولای لوبنان، حوسیەکانی یەمەن و ڕێکخراوەو دەستەو تاقمەکان لە ووڵاتانی بەحرەین و عەرەبستان و زۆربەی ووڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و ووڵاتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە شێوەیکی بەرینتر لە سەرانسەری جیهاندا لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو، وە تەنانەت لەم هەلومەرجە نالەبارەی ئابووری لە ئێران و برسیەتی و هەژاری و بێکاری و داڕوخانی باری ئابووری لە ئێران، جێ بە جێ کراوە. ئەوەی جێگەی سەرنج و تێ ڕامانە ئەوەیە کە بە داخەوە کۆمەڵگەی جیهانی و ووڵاتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە حاست ئەو سیاسەت و پیلانە مەترسیدارەی دەسەڵاتی ئێران بە تایبەت و تێکڕای سیاسەت و کردەوەکانی دیکەی، بە شێوەی کاریگەر هەڵوێستیان نەگرتووەو مەیدانیان بە ڕژیمی ئێرانداوە تا لە ناوچەکەدا مانۆڕبدا.

هەروەها ووڵاتانی خاوەن هێزی جیهان و ڕێکخراوە جیهانیەکانیش هەڵوێستەکانیان تەنیا لە چوارچێوەی ووتارو ڕاگەیاندندا بووە. ئەگەر لە دەیەی هەشتاو و لە ساڵانی جەنگی ئێران ، عێراق،ویستەکانی ڕژیم بۆ گەیشتنی بۆ قودس تەنیا لە سنوورەکانی عێراقدا بوون و دەزاندرا ناتوانێ بگاتە قودس، بەڵام لە ئێستادا ئەگەر ووڵاتانی ناوچەکەو کۆمەڵگەی جیهانی فریا نەکەون، وێ دەچێ کە دروشمەکان بگەنە حاستی نزیک بوونەوەی مەترسی گەورەتر، چونکە ئەو ڕژیمە سەدان مووشەکی هێرشبەرو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و دەیان دەستەو تاقمی لە ووڵاتی سوریەو لە نزیک ئیسرائیل جێگیر کردووەو مووشەکی جۆراوجۆرو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بە حیزبولای لوبنان و حوسیەکان و گروپە تروریستیەکانی تەحویل داوون. دەڵێن ئاخوندێکی سەر بە ڕژیم لە لوبنان ووتویە بەو نزیکانە لە گەڵ خامنەیی لە قودس یەک دەبینن، ئەگەرچی قسەی ئەو ئاخوندە زیاتر لە خەیاڵ دەچێ و دوورە ئەوە ڕووبدا بەڵام ئەوە ڕاستێکی حاشاهەڵنەگرە کە ڕژیمی ئێران و دەست و پێوەندەکانی بوونە دراوسێی ئیسرائیل و ئەگەر لە ڕابردوو دروشمەکانیان لە کەربەلاوە بۆ قودس بوو، لە ئێستادا گەیشتوونە دیمەشق و بەرزاییەکانی جەولان و دەتوانن بڵێن لە دیمەش و جەولانەوە بۆ قودس.

# کۆت و بەندەکانی سەر ڕژیمی ئێران درێژەیان دەبێ؟

نووسینی: عەلی بەهرامی



لە دوای 18 ساڵ نهێنی کاریی، بەرنامەی ناوکەیی ڕژیمی ئاخوندی لە ساڵی 2002دا لەلایەن شۆرای ملی مقاومەتی ئێرانەوە ئاشکرا کرا، ئەوەش بووە سەرەتایەکی نوێ بۆ گەمارۆ و ئابلۆقە و فشاری نوێی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ سەر ئەو دەسەڵاتە. گەمارۆ و فشارەکان درێژەی کێشا هەتا سەرکەوتنی باراک ئوباما بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی 2008دا، ناوبراو بە سیاسەتی (چۆماغ و هەویج) فشارەکانی سەر ڕژیمی ئێرانی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانانی ئەمریکا و بەتایبەت ئوروپا بەرێژەیەک پەرەپێدا کە دەسەڵاتی ئاخوندان بەتەواوی پەراوێز و گۆشەگیر کرابوو، کاریگەری فشارە ئابووری و سیاسیەکانی سەر ڕژیم زیاتر لە ناوخۆی ئێران و لەلایەن خەڵکەوە هەستی پێ دەکرا و ئەوەش وای کردبوو نارەزایەتیەکان کلپەیان دەساند و ببوونە مەترسیەک بۆ سەر کۆی پێکهاتەی دەسەڵاتی ئاخوندان. کۆی ئەو فشارانە وای لە ڕژیم کرد مل بدات بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکە بە ڕاگرتنی بەرنامە ئەتۆمیەکەی لە بەرامبەر کۆمەڵێک ئیمتیازدا.

بە ڕۆیشتنی ئوباما و چوونی دۆناڵد ترامپ بۆ کۆشکی سپی (کە یەکێک لە نەیارەکانی ڕێکەوتنی ئوباما لەگەڵ ڕژیمی ئێران و دانی ئەو هەموو ئیمتیازە مادیە بە دەسەڵاتی ئێران بوو) لە دوای چەند جار ئاگادارکردنەوەی ڕژیم بۆ پێداچوونەوە بە بەرجام بە مەبەستی ڕێکەوتنێکی بەرفراوانتر کە بەرنامەی مووشەکی ڕژیم و دەستێوەردانەکانی لە وەڵاتانی ناوچەکەش بگرێتەوە، لە ڕێکەوتنی بەرجام کشایەوە. بە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنی ناکەیی لەگەڵ ڕژیم گەمارۆ و فشارەکانی ئەو وەڵاتە بە تەوژمێکی زیاتر بە سەر دەسەڵاتی ئاخونداندا سەپێندرایەوە. ئەو فشارانەی ئەمریکا توانی کاریگەری زۆر لەسەر ئابووری ڕژیم بەتایبەت کەرتی وزە، هەنارده و هاوردە، بورس، گواستنەوە دانێ بەشێوەیەک دراوی ڕژیم دارمانێکی کەم وێنەی بەخۆیەوە بینی و هەناردەکردنی نەوت و گازی ئەو ڕژیمەی بۆ ئاستێکی زۆر کەم دابەزاند و پێشی بە گەڕاندنەوەی قەرزەکانی بۆ ئێران گرت و ڕژیم بەتەواوی پشتی لەژێر باری ئەو فشارانەدا چەمابوو. بە دۆڕانی دۆناڵد ترامپ و سەرکەوتنی جارێکی دیکەی دیموکراتەکان و بەتایبەت جۆ بایدن ڕژیم دڵخۆشە بەوەی بتوانێ لەگەڵ ناوبراو بە ڕێکەوتنێکی نوێ بگات و فشارەکانی لەسەر نەمێنێ یان کەم بێتەوە. ڕژیمی ئاخوندی وێڕای ئەو خەونەی، بەڵام لەم چەند ڕۆژەی دواییدا بەمەبەستی ئەوەی لە وتووێژەکانی داهاتوودا ئیمتیازاتی زیاتر وەدەست بێنێ، دەستی داوەتە کۆمەڵێک کاری شەڕووڕانەی وەک تاقی کردنەوەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، مووشەکی جۆراوجۆر، بەرزکردنەوەی ئاستی پیتاندنی ئورانیۆم بۆ سەرووی 20 لەسەد، ئامادەکاری بۆ سازکردنی کانزای ئورانیۆم و پشتیوانی زیاتر لە حوسیەکانی یەمەن. ئەوەی روونە ئەوەیە جۆ بایدن پێی خۆش دەبێ بە ڕێکەوتنێکی نوێ لەگەڵ ڕژیمی ئاخوندی بگات و چارەسەری کێشە و سەرئێشەکانی ئەو ڕژیمە بەناوی خۆیەوە تۆمار بکات بەڵام هەلومەرجەکە بەو سانایییەی 2015 نیە چوونکە لەناوخۆی ئەمریکا دەنگە نەیارەکانی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژیم زۆر بەهێزن، هاوکات حکومەتی ترامپ کۆمەڵێک ئابلۆقەی ئابووری پێوەندیدار بە تیرۆریزمی بەسەر ڕژیمدا سەپاندووە کە لابردنیان بۆ بایدن حەستەم و قورس دەبێ. لەو لایشەوە ڕژیمی ئێرانیش هەنگاوی زۆری لە ڕاستای پێشێلکاری بەرجام هەڵگرتووەو بە پێچەوانەی ڕابردوو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەتایبەت سێ هێزە ئوروپاییەکە (فەرانسە، بریتانیا و ئاڵمان) کە ڕاگری بەرجام بوون لەوە دڵنیا بوونەتەوە کە ڕژیمی ئاخوندی بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی پێشووی بەدوای چەکی ئەتۆمیەوەیە، هەر بۆیە نە بایدن دەتوانێ هەموو کۆت و بەندەکان لەسەر ڕژیم لابدات و نە ڕژیمیش لە ترسی کاردانەوەی لایەنگرە توندەڕەو توندئاژۆکانی پاشەکشەی زۆر بکات یان پێملی هەموو ویستەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بێ.

ئەوەی لە چوار ساڵی داهاتوودا ڕژیمی ئێران بەرەڕووی دەبێتەوە، کەم بونەوەی کۆمەڵێکی کەم فشاری ئابووریە لەسەری و هەندێ ئاسانکاریە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانی، بەڵام وەکوو وترا حکومەتی بایدن ئەوەندەی بەربەست بۆ سازبوون کە لەبەر ڕای گشتی ئەمریکا ناتوانێ هەموو گەمارۆکان لابەرێ، مەگەر ڕژیمی ئێران بە تەواوی بچێتە ژێر باری ویستەکانی ئەمریکا بۆ واز هێنان لە پشتیوانی لە تاقم و گروپە تیرۆریستیەکان، کۆتایی هێنان بە دەستێوەردان و خراپەکاری لە وەڵاتانی ناوچەکە، کشانەوە لە عێراق و سوریە، کۆتایی هێنان بە دژایەتی کردنی ئیسراییل و هاوپەیمانە نوێکانی لە ناوچەکە، وازهێنان لە بەرنامە مووشەکی و ئەتۆمیەکانی یان لانیکەم بەو شێوەبێ کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆی دیاری دەکەن، کە ئەمە بۆ ڕژیمی ئێرانیش حەستەم و قورس دەبێ چوونکە ڕژیمی ئێران چ بە ئیمتیاز و چ لەباری فکریەوە کۆمەڵێک شوێنکەوتەی بارهێناون کە رازی نابن بەو هەموو پاشەکشە. کۆتایی قسە ئەوەیە کە ڕژیمی ئێران جارێ بەو جۆرەی ئاواتی دەخواست بۆی ناچێتە پێش چوونکە بە پێچەوانەی ترامپ، بایدن هاوڕایی و پشتیوانی ئوروپاییەکانی لەگەڵ دەبێ و ئێستا ئەوانیش خوازیاری ڕێکەوتنی نوێ لەسەر بەرنامەی ناوکەیی، مووشەکی و چالاکیە ناوچەییەکانی ڕژیمن. بەو پێیە هەتا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئەو بەدەمەوە چوونە لە دەسەڵاتدارانی ئێران نەبینن و ڕێکەوتن نەیەتە ئاراوە، فشارە کەمەرشکێنەکان لەسەر ئەو دەسەڵاتە درێژەی دەبێ، لەوەها کاتێکدا هێرشی سەربازی و سایبری بۆ سەر بنکە ئەتۆمی و مووشەکیەکانی ڕژیمیش ئەگەرێکی چاوەڕوان کراو دەبێ.

# لێبوردنی نێودەوڵەتی بەڵگەیەکی نوێی لەسەر قوربانیانی خەزەڵوەری ٩٨ دروست کرد!



لە خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو بە دوای گرانبوونی نرخی بەنزین، بەشێکی زۆری خەڵکی ئێران نارەزایەتیان نیشان دا. نارەزایەتیەکان لە شەوی ٢٤ی خەزەڵوەر، لە شارە جیاجیاکان دەستی پێکرد، بە پێی ڕاپۆرتی دامەزراوە ئەمنیەکانی ڕژیم ٢٩ پارێزگا و سەدان شار بەشدار بوون لەو نارەزایەتیانەدا. هەزاران وێنەو بەڵگە هەن کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە گیراوە و دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕژیم، و سوپای پاسدارانی ڕژیم بە کەڵک وەرگرتن لە چەکی دۆشکە و تیربار، ڕاستەوخۆ هێرشیان کردۆتە سەر هاووڵاتیان. تەلەفزیۆنی ئێران خۆپیشاندەرانی وەک ئاژاوەگێر وداگیرکردنی پترۆشیمی ئێران لە قەڵەم دا. لە دوای چەند ڕۆژ پاش نارەزایەتیەکان، تەلەفزیونی ڕێژیمی ئێران دەستی بە بڵاوکرنەوەی دان پیانانی زۆرە ملی بەندکراوان کرد کە لە ژێر ئەشکەنجە و بێڕێزی کردنێکی زۆر دا تۆمار کرابوون. بەداخەوە سزاکانی ڕژیمی ئێران بۆ سەر خەڵک زۆر نادادپەروەرانە بوون و دژی یاسا و بنەما ئینسانیەکان بوون. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕێگای لێدوانەوە لەگەڵ خەڵکی ناوخۆی ئێران، فیلمێکی دیکومێنتاری ڕاستەقینە لەسەر شکەنجە و لەسێدارەدان و زیندانی کردنی ئەو هاوەڵاتیانەی ئامادەکرووە. بەشێکی بەرچاوی ئەو فیلمە لێدوانە لەگەڵ بەشێکی زۆری مێرمندداڵ و لاوی پارێزگەی کوردستان، کرماشان و لوڕستان، بەتایبەتیش لێدوان لەگەڵ بوێر ئەحمەد.لێبوردنی نێودەوڵەتی باس لەوە دەکات و دەڵێت ئەو کەسانەی کە لێدوانمان لێوەرگرتوون بەشێکی زۆریان ئێستاش پەشۆکاون یا حاڵەتێکی ڕەوانیان بۆ دروست بووە.

بەشێکیان رازیبون و دەیانهەوێت باس لەو ڕابردووە بکەن کە لەلایەن ڕژیمەوە بەسەریان هاتووە، بەڵام بە شێکی زۆریان تەنانەت ئامادەی ئەوە نین یەک ووشە بڵێن تەنیا چاوەڕوانی ڕۆژی تۆڵە ستاندنەوەن و دەڵێن لەیاد ناچێت!. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی زۆرتر لە موستەنەدەکەدا باس لەوە دەکات کە لەکاتی نارەزایەتیەکانی خەزەڵوەری ٩٨، هێزی تەشکیلاتی ئیتلاعات و هێزە ئەمنییەتیەکانی ڕژیمی ئێران هەڵمەتی سەرکوتی خەڵکیان پێک هێنا بۆ ئەوەی کە پێش بگرن لەوەی کەسوکارو بنەماڵەی زیان پێکەوتووان بە تۆڕە کۆمەلایەتیەکان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤەوە پەیوەندی بگرن. بە شوێن دەسپێکردنی نارەزایەتیەکان، کاربەدەستانی ئێران خەتی ئینتەرنێتیان بە تەواوی بچڕاند بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی ناوخۆی وەڵات وێنە و ڤیدیۆی ئەشکەنجە و سەرکوتکردنی خەڵک لە بەرچاوی دونیا بە شاراوەیی بمێنێتەوە. لێبوردنی نێودەوڵەتی هەروەها باس لەوەداکات کە شوێنە شاراوەکان بە شێوەی نافەرمی بۆ زیندانی کردنی هاوڵاتیان کەڵیان لێ وەرگیراوە، ئەو شوێنانە زۆرتر ماڵ یا ئاپارتمانن کە هێزی ئیتلاعاتی ڕژیم لە ئیختیاری خۆی داناون و کەڵکیان لێ وەردەگرێ. کاربەدەستانی ڕژیم خۆ پێشاندەرانیان وەک کەسانی دژی حکومت ، ئاژەوەگێر ... لە قەڵم داوە و تاکو ئێستاش چەندین کەس لە زیندانی ڕژیم دا ماون.

# عەرەبستان: پەیوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتی بایدن زۆر باش دەبێت.



وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعوودی دەڵێت: چاوەڕوانی ئەوەیە کە وڵاتەکەی لەگەڵ دەوڵەتی جۆ بایدن پەیوەندی باشی هەبێ و لەپێوەند بە وتووێژ لەگەڵ واشنتۆن، لەسەر ڕێکەوتنی ناوکەیی بەردەوام دەبێ. هەروەها جۆ بایدن سەرۆک کۆماری ئامریکا لە هەڵبژاردنەکان دا بەڵێنی دابوو کە پەیوەندی ئامریکا لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی تاوتوێ دەکات. شازادە فەیسەڵ بن ڕەحمان، وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعوودی لە وتووێژ لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئەلعەرەبیە وتی: لە پەیوەندی نێوان ڕیاز و واشنتۆن گەش بینە، و هەروەها وتی: سعودیە پەیوەندی بەهێز و مێژوویی خوڵقاندووە، و لەگەڵ دەوڵەتی جیاجیا کاری کردووە و هەروەها لەگەڵ جۆ بایدن لەسەر ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبین.

وەزیری دەرەوەی سعوودیە دەڵێت: تەوەری سەرەکی ڕاوێژی ڕیاز لەگەڵ واشنتۆن لەسەر ڕێکەوتنی ناوکەیی ڕژیمی ئێرانە و لە بارەی گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی بەهێز دەبێ کەمکارییەکانی ڕژیمی ئێران لەبەرچاو بگرین کەچاودێریەکی بەهێز لە بەڕێوەچوونی ڕێکەوتن لەخۆ دەگرێت.

# دیداری نێوان سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان




ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 26ی سەماوەز، هەیئەتێکی باڵای کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، سەردانی بارەگای ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیان کرد. .

شاندی میوان بە سەرپەرەستی بەڕێز کاک عومەری ئیلخانیزادە، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، لەلایەن بەڕێز کاک بابەشێخ حوسێنی، سکرتێری گشتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، و شاندی باوەری پێشوازیان لێکرا.لەم دیدارە دۆستانەیەدا چەندین تەوەری گرنگی رۆ ِژ تاوتوێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا، بابەتی دۆخی ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری ڕژیمی ئاخوندی و بەتایبەتی جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، تەوەری سەرەکی باسەکان بوو و هەردولا لەسەر هەستیاری دۆخی هەنوکەیی و زەرورەتی پێکەوە کارکردنی سەرانسەری و کوردستانی پێداگریان کردەوە.ڕێزدار کاک بابەشێخی حوسێنی لەم پێوەندیەدا لەسەر سیاسەتە گشتیەکانی سازمانی خەبات لەپێوەند بە ئامادەبوونی سازمان لە هاووپەیمانەتیەکی کوردستانی کە هەموو هێز و لایەنە سیاسەکانی کوردستان لەخۆ بگرێ و لەسەر هێڵی ڕوخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئێران بڕواتە پێش، کردەوە.لەکۆتای دیدارەکەدا، دو لایەن لەسەر پێوەندی و دۆستایەتی لەمێژینەیان پێداگریان کردەووە شاندی میوان بەڕێزەوە بەرێ کران.

## کاریگەری خەسارە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر توندوتیژی دژ بە ژنان

نووسینی: شیوا فەرەجی



شتێکی روون و ئاشکرایە کە ژنان لە سەرتاسەری دونیا دا بە هۆی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە کە هۆکاری بنەڕەتی ئەو توندوتیژیانە لە دژی ژنان لە لایەنی جنسی بەرامبەرەوە، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ زاڵ بوونی پیاو بە سەر چارەنووسی ژن و بە کارهێنانی دەسەڵات و توانایی پیاوان لە سەر بنەمای پێکهاتەکانی نابەرانبەری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وزاڵبوونی کلتوری پیاوسالاریە لە کۆمەڵگادا.بە هۆی برەو دان و باڵادەست بوونی فەرهەنگ و کلتور و پەرەپێدانی بیرو باوەڕی پیاو سالارانە بە سەر ژنان دا، بە ناوی رەگەزی دووهەم وەک پلەی نزمی ناو کۆمەلگا و بە کەم زانین و ناتوانایی ژن لە بەرامبەر پیاو دا، چاو لێبکرێ. ئەم جۆرە تێڕامان و هەڵسەنگاندنانە دەبنە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیکی داتاشراو و ناشارستانیانە و دواکەوتووانە دا، توندوتیژی لە دژی ژنان رەوایی پێبدرێ و پاساوی دوور لە مەنتق و زانستی بۆ بهێندرێتەوە.

کاتێک لە تێکڕای جیهان دا ، تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی ماف پەروەر و دیموکراتیش دا مافی بەرامبەری ژن و پیاو ، وەک دوو کۆڵکەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بەر چاو ناگیرێ و ژنان لە زۆر بار و بوار دا بە پلەی بەر چاو لە پیاوان نزمترن، دەبێ لە وڵاتانی دواکەوتوو و خاوەن فەرهەنگ و کلتوری پیاو سالاری دا، ژنان لە چ هەل و مەرج وپلە و پایەیکی کۆمەلایەتی و سیاسی ، فەرهەنگی، ئابوری دا بن و لە ژێر چ وەزن و قورساییکی نابەرامبەری دا بنالینن؟.لەم بابەتەدا سەرنج و تێڕوانین دەخەمە سەر بە شێک لە خەسارە کۆمەڵایەتیەکان و هەل و مەرجی مافی ئینسانی ژنان لە کۆمەڵگای بندەستی رژیمی ئاخوندی و سیستمی ویلایەتی فەقیە لە ئێران دا!.

هەل و مەرج و وەزعی مافی مرۆڤی ژن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئاخوندی دا جێگای نیگەرانیە و بە شێوەیکی بەربڵاو مافی ژنان لەم وڵاتەدا لە هەموو باریکەوە ژێر پێ دەدرێ و دەخرێتە بەر تەوژمی توند و تیژی و بە هێندنەگرتنیان . کە ئەم توندو تیژی و ماف ژێر پێخستنانە لەم وڵاتەدا بۆ زۆر هۆی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت یاساییش دەگەڕێتەوە، وەک: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای پیاوانە،بەها و هژمونی فەرهەنگ و کلتوری پیاو سالاریانە،عورف و عادەتە عەشیەری و مەزهەبیەکان، دواکەوتوویی کۆمەڵگا بە تیکڕایی، نەخوێندەواری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەتایبەت رەگەرز و چینی ژنان، نە گەیشتینی کۆمەڵگا بە پلەی شیاو و پێویستی پێشکەوتن و پێگەیشتنی گشتی، تێڕامانی پیاوان بەگشتی کە پێیان وایە ژن رەگەزیکی بێ توانا و کورت بین و دەستەوستان و باوەڕ بە خۆ نەبوە و زۆر تێڕامانی تری دوور لە زانست و مەنتق کە سەبارەت بە ژنان هەیانە و زۆر بەهانە و هۆکاری داتاشراوی دەستی کۆمەڵگای پیاو سالاری کە بوونە کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتن و گەیشتنی ژنان بە ماف و ئازادیەکانیان. لە کۆمەڵگای دژە ژنی و پیاو سالاری دا کە کۆمەڵگا و نیزامی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی لە ئێران دا ، نموونەی هەرە باڵا و بەرچاویەتی، سەرەڕای هەژاری و گیرۆدە بوون بە مادەی هۆشبەر و بێکاری و نەبوونی متمانە و ئەمنییەت و، باوەر نەبوون بەدەسەڵات بۆ پارێزگاری لە مافیان و ، ترس و دڵەڕاوکێ لە ژیان و لە داهاتوو و چارەنووسی منداڵ و ماڵ و خێزان و سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام، دەبی پابەند بە یاسا و رێساکانی بنەماڵە و کلتوری کۆمەڵایەتی دواکەوتوانە و داب و نەریتە مەزهەبی و عەشایەریەکان بێ و ، لە بەرانبەر ناعەداڵتیە کۆمەڵایەتیە باوەکانی وەک : بەزۆر بە مێرد دان، ژن بەژنە پێکردن، هاوسەرگیری لە تەمنی نەکامڵی و نەباڵغی،و زۆر بابەت و داب و نەریت و بی مافی تردا بێ. لە نیزام و دەسەڵاتێکی وەک دەسەڵاتی ئاخوندی دا ژنان لە باری حقوقی و دادیشەو بەو پەڕی ناعەداڵەتیەوە مامەلەیان لەگەڵ دەکرێ و لەوپەری بیدەرتانی و بی مافی دا ژیان تێپەڕدەکەن. دام و دەزگا و ناوەندەکانی داپەروەری و یاسا و دەستورەکانی دادوەریش بە شێوەیکی بەرچاو لە دژی ژنان و بە قازانجی پیاوان دارێژراون و گەڵاڵەکراون و بە دوور لە یاسا و رێساکانی مافی مرۆڤ ریکخراون. بە شێوەیکی بەرچاو ژنان لە مافی بەرێوەبەری و بریاردان لە چۆنیەتی کارو بارە کۆمەڵایەتیەکان لە پێناو پێشخستن و گەشەسەندنی کۆمەڵگا و ئاوەدانی بەرەو پێش چونی وڵات دا بی بەش کراون و ریدەستیان لێ گیراوە و دەبێ لە هەموو بواراند چاولەدەست وگوێ لە مستی پیاوان بن و مل بۆ ئەو یاسا و دەستورە پیاو سالاریانە راکێشن و مافی رەخنەگرتن و نارەزایەتیشیان نەبێ. بەسەرنج دان بەو باسانەی سەرەوە سەبارەت خەسارەت بەو بارگرانی و بێ مافیەی ژنان بەو ئاکامە دەگەین کە بۆ رزگاری لەو هەل و مەرجە و بۆ گەیشتن بە ویست و خواستە رەواکانی ژن و گەیشتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە بەختەوەری و یەکسانی و بەرامبەری ژن و پیاو و دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی ژن و پیاو لە بەرێوەبەری و پێشخستن و پێگەیاندنی کۆمەڵگادا، خەبات و تیکۆشانێکی هەمەرەنگی فرە رەهەند و گشتگیر پێویستە، خەبات و تێکۆشان لە دژی توندوتیژی دژ بە ژنان و بۆ خۆ پێگەیاندن و تێگەیشتن لە مانا و ناوەرۆکی ماف و ئازادی، بەرامبەری و یەکسانی لە هەموو رەهەندەکانی ژیان دا لە نێوان هەردوو جنس و رەگەزی ژن و پیاو دا، پێویستیمان بە بریارو پرۆژە و گەڵاڵە و بەرنامەی تۆکمە وبەربڵاو هەیە تا بتوانین بە هۆی ئەو پرۆژە و بەرنامەوە لە راستە رێی بەرەو رزگاری و بە ختەوەری و یەکسانی دا ماندوویی نەناسانە هەوڵ بدەین و بەرەو ئامانج و سەرکەوتن بە بێ دوو دڵی ئەو رێگەیە ببرین. لێرەدا رەنگە کەسانێک هەبن کە بڵێن لە کوردستان دا و لە ناو لایەنە سیاسیەکان دا ناوەند و رێکخراوی پێوەندی دار بە ژنان لە پێناو پاراستنی مافەکانیان دا بوونیان هەیە و بە پێی توانا خەریکی چالاکی و تێکۆشانن. راستە ئەو ناوەند و رێکخراوانە هەن و بزوتنەوەی ژنان لە ئارادایە، بەڵام بە چەند هۆی بەرچاو ئەو ریکخراو و بزوتنەوانە نەیانتوانیوەوە وەک پێویست نەقشی خۆیان بگێرن لە کارا کردنی ژنان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا. هەر بۆیە ئیشارە کردن بە چەند خاڵ لێرەدا بەگرینگ دەزانم. یەکەم: ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایێکی تا رادەیکی داخراوی پیاو سالاریە و داب و نەریتە کۆنەکان تا ئێستاش ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتوە و چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا نە گەیشتونە ئەو دەرەجە پێگەیشتنەی کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا مافەکانی یەکتری وەک پێویست بە رەسمی بناسن و بە چاوی ناتەواو بوونی بەشی دووهەمی کۆمەڵگا لە لایەن بەشەکەی تریەوە کە سالار و بریاربەدەستە تەماشا نەکرێ، رەوتی بەرەو پێشچوونی ئەم بزوتەوەیە بە ئێستاشیەوە نەکەوتۆتە سەر دەور و رێگای راستی خۆی. دووهەم: بەداخەوە ژنانی کۆمەڵگای ئێمە نەگەیشتونە ئەو پلە روناکبیریەی کە بتوانن مافە و ئەرکەکانی خۆیان بناسن و ئەرک و جێگە و پێگەی خۆیان وەک پێویست و حەقی خۆیان دەست نیشان بکەن. ژن نابێ پێی وابێ کەدەبێ پیاوان حەق و مافیان بۆدیاری بکەن و خەت و نیشانی ژیان و ئەرک و بەرێوەبەری کار و باری بۆ بکێشن. دەبێ بە هۆی بردنەسەری پلەی زانیاری و رادەی هوشیاری و روناکبیری خۆی و هاونەوعەکانی، ماف و ئەرکەکانی خۆی بناسێ ولەم پێناوەدا خۆی بێتە مەیدان و خۆی دەربخا وباوەڕی بە بوونی خۆی هەبێ و رەگەزی بەرامبەری وادار بکا و نیشانی بدات کە لە هەموو بارێکەوە دەتوانێ وەک ئەو لە بەرێوە بەری و سەرخستنی ژیان و وڵات و دەورو بەری خۆی، دەتوانێ لەسەر پێی خۆی راوەستێ. سێهەم: وڵات و کۆمەڵگای ئێمە داگیر کراوە و دەستبەسەردا گیراوە و ئێستاش کە ئێستایە رێگایکی دوورمان لە بەردەم دایە تا خۆمان و کۆمەڵگا و وڵاتمان سەربەست و رزگار بکەین، ئێمە نە فەرهەنگمان، نە کلتورمان، نە نیشتمانمان ، نە زمانمان، هیچکامیان ئازاد و بێ خەم نین، سەرەڕای کلتوری کۆن و داتاشراوی بێگانە بەسەرمانەوە. ئەو هۆیانەش هۆکارێکی سەرەکین بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگا بە تێکڕایی و ژنان بە تایبەتی نەیانتونیوە وەک پێویست پلە بە پلە قۆناغەکانی تێگەیشتن و پێشکەوتن وباوەر بە خۆ بوون ببرن و لە پێناو دەستە بەرکردنی مافەکانیان دا بگەنە لوتکەی ئاوات و ئامانج. تا لەم رێگایەوە هەر دوو رەگەزی ژن و پیاو بەو ئاکامە بگەن کە هیچ کامیان بە بێ یەکتری ناتوانن بەختەوەر و سەرکەوتوون و کۆمەڵگایێکی پێشکەوتووی بەختەوەر و زانست پەروەر و یەکسان بونیات بنێن و لە کۆشکی تەرەقی و ماف پەروەری و یەکسانی دا نەوەی دوارۆژی کامەرانی و خۆشەویستی و دیموکراسی و هیمنایەتی پێبگەێنن. بە هیوای ئەو رۆژە.

## شەپۆلی نوێی فشاری ئەمنیەتی ڕژیم بۆسەر چالاکانی کورد لە کوردستان.



بانگ کردن و دەستبەسەر کردنی لانیکەم 64 هاووڵاتی دیکەی کورد لە ماوەی دو حەوتودا. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاند کە ژمارەیەک لەچالاکانی کورد دەستبەسەر یا بانگهێشت کراون، لەماوەی دو حەوتوی کۆتایی و لە شەپۆلی نوێی فشارەکانی ناوەندە ئەمنیەتی ودادوەریەکانی ڕژیم بۆسەر چالاکانی کورد، زیاترلە 64کەس زیادی کردووە. هەروەها ئەو کەسانەی لەلایەن هێزە ئەمنی و دادوەریەکانی ڕژیمەوە دەستبەسەر کراون، زۆربەیان خەڵکی شارەکانی، بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، نەغدە، سەقز، بانە، مەریوان ڕەبەت، سنە، سەروئاوا وکرماشانن. ناوەندی مافی مرۆڤی هەنگاویش ڕایگەیاندووە کە لەماوەی دوو حەوتوی ڕابردوو دا هەتا ئێستا لانیکەم 67هاووڵاتی کورد لە شارەکانی، بۆکان، مەهاباد، ڕەبەت، بانە، مەریوان، سنە، کەلاتەرزان، سەروئاوا وکرماشان لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە دەبەسەرکراون، کە 5 کەس لەم گیراوانە ئازادکراون و 26 کەسی دیکەشیان لەزیندانەکانی ڕژیمدا دەستبەسەرن. لەم شەپۆلە نوێیەی گرتن و فشاری ناوەندە ئەمنیەتی و لێکۆڵینەوەکانی ڕژیمی ئێران بۆسەر چالاکانی کورد، گیرانی ژمارەیێک لەم چالاکانە بە بێ نیشاندانی حوکمی دادگا و لە گەڵ پشکنینی ماڵەکانیان، دەستیان گرتووە بەسەر کەل وپەلی شەخسی کەسەکاندا. بە پێی سەرچاوەییکی باوەڕپێکراو، هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئاخوندی هەڕەشەیان لە بنەماڵەی سەرجەم ئەو چالاکوانە گیراوانە کردووە کە خۆیان بەدوور بگرن لە گفت وگۆ لەگەڵ هەواڵدەریەکان. جێگەی ئامـاژەیە کە 13هاووڵاتی تەنیا لە شارە کوردنشینەکانی، وەکوو، بۆکان، ئازەربایجانی غەربی، بەناوەکانی حسەین مێهرەبان، هێرش ڕەسووڵپوور، فواد محمەد پوور، فەریبا ئەحمەدی، ڕۆژین محمەد پوور، عەلی زوڵفی، قادر ڕەسووڵپوور، محەمەد حاجی ڕەسووڵپوور، ڕەشید ئەحمەدی، محەمەد ئەمین ئەحمەدی، ڕەزا، محەمەد وفەرهاد زەندی لەلایە هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمەوە دەسبەسەر کراون. بەرپرسانی دادوەری و ئەمنیەتی ڕژیمی ئێران تا ئێستا هۆکاری گیران و تۆمەت دژی ئەم هاووڵاتیانەی ڕانەگەیاندووە. هەر لەو پێوەندەدا،ئەندامانی گروپی مۆسیقای ئافرەتانی گلاریس، کە پێکهاتوون لە نازەنین عەتابەگی، نەستەرەن یەزدانی پوور، مەلیحە موڕادی، سەمیرە فەرحناکی و ئیلهام یەزدانی پوور، چەند جار لەلایەن پۆلیسی ئەمنیەتی کرماشانەوە بانگ هێشتن کراون.

## ڕاپۆرتێک لەسەر کوشتنی ئەم دواییەی چەند ئافرەتێک لەژێر ناوی کوشتنی ناموسی!

ئامادە کردنی: شایستە موعەممەدی





لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا هەر یەک لە سەرگوڵ حەبیبی"تەمەن ٣١ ساڵ لە شاری سنە، وەفا عەبدوڵلازادە" تەمەن ٤٣ ساڵ لە شاری سەردەشت، گەهوارە خەڵکی پارێزگای کرماشان و هەروەها ژنێکی تەمەن ٢٢ ساڵان خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی دێهلۆران" بە بیانوویی ناموسی لەلایەن هاوسەر و براکانیان کوژراون. ئەو ڕووداوانە لە کوردستانی ئێراندا، جارێکی دیکە باسی توندووتیژی دژی ئافرەتانی ورووژاندۆتەوە.بەرپرسان و ناوەندەکانی سەر بەڕژیم هیچ کات دژی ئەو ڕەوتە دژە ئینسانیە نەوەستاون و بە پێچەوانەوە هەوڵ ئەدەن بکوژان زوو لە بەندیخانە ڕزگار بکرێن و لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەف و ناموسی بنەماڵەکانیان کار ئاسانیان بۆ دەکەن کە زوو ئازاد بن و تەنانەت زۆرێک لەو بکوژانە قەت سزا نادرێن.

هۆکاری کوشتنی سەرگوڵ حەبیبی" لە لایەن دوبراکەی تەنیا بە هۆی شەرەف و ناموس تۆمار کراوە، و بە پێی بەڵگەکان ئەو سێ ئافرەتەی دیکەش هەر بەو بیانووە کوژراون. ناسنامەی ئەو ئافرەتە کە خەڵکی دێهلۆرانە و گەهوارە" بەتەواوی دیارنیە و هەروەها هۆی کوشتنیان کێشەی بنەماڵەیی لەقەڵەم دراوە، بەڵام بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە کەسانی نێزیکیان دەستکەوتوون، بە بیانووی نامووس کوژراون.پێویستە کۆمەڵگە و خەڵکی ڕۆشنبیری کوردستان دژی ئەو دیاردە قێزەونە بوەستنەوە و نەهێڵن کە ئافرەتان ببنە قوربانی دەستی برا و باوک و هاوسەرەکانیان. چارەنووسی ڕەشی وەفا و سەرگوڵەکان، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو یاسا پیاوسالارانەی لەکۆمەڵگەی کوردستان زاڵە وهەمووکات دژی ئافرەتان بووە و هەروەها نەبوونی سیستمێکی پاڵپشت و پشتیوان بۆ ئافرەتان، لە ئێرانی لەناو دەچێت و دوایەش بە دەستی یەکێک لە نزیکەکانیان دەکوژرێن و لەژێر ناوی خۆکوژی (ژن کوژی زۆرە ملێ) و کوشتنی ناموسی پەردە پۆش دەکرێن. چەند ئافرەت کە وەفایان دەناسی دەڵێن: وەفا لە گەڵ پیاوێک هاوسەرگیری کردبوو کە خیانەتی لێ دەکردو لە گەڵ ئافرەتانی دیکە پەیوەندی هەبووە و هەر جارێک کە ناوبراو لە خیانەتی مێردەکەی ئاگادار ئەبوو، مێردەکەی بە لێدان بێدەنگی دەکرد. وەفا لەلایەنی دەرونی و جەستەییەوە ئازار و ئەزیەتی زۆری چێشتبوو.

دوساڵ لەمەو پێش وەفا بەهۆی ئەوەی فیشەکی بەرکەوتبوو گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانە، و خۆی باسی لەوە کردووە کە ویستویەتی خۆی بکوژێ، بەڵام کەسانی دەوروبەری لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە تەقەی لێ کراوە و لەماوەی یەک مانگدا کە لە نەخۆشخانە بوو، کەس سەردانی نەکردووە و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە پارەی نەخۆشخانەی نەبووە ڕێگەی پێنەدراوە بێتە دەرەوە و تەنانەت مێردەکەی نەیهێشتووە منداڵەکانیشی ببینێ.بندەستی ئاخوندان دا نیشان دەدات.نەبوونی یاسای بەرابەر، دواکەوتوویی و نائاگاهی لە مافی تاکەکان، لە ناو ئەو بنەماڵانەدا، وای کردووە کە ئافرەتان لە ژێر فشاری توندووتیژی ڕەوانی، جنسی وجەستەییدا بن و بە بێدەنگی ناچار بە قەبوڵکردنی ئەو زوڵم و ستەمە بکرێن. زۆربەی ئەم ئافرەتانە لەلایەنی دەروونیەوە، کەسایەتیان.

## ئەگەر بەسەر ترسدا زاڵ بین!

ڕێزان: شەهیدی پەنا



ئەو کاتەی ترس بە سەر ناخ و دەرونی مرۆڤەکاندا زاڵ دەبێ کە هەست بە بوونی شتێکی نامۆ لە ژیانی تایبەت، یا لە دەورو بەریاندا بکەن. بەڵام ئەگەر لەو بارودۆخە نالەبارەو قەیراناویەی ئابوری وەڵاتی ئێران وردوەبین، ترس مانای نامێنێ چوونکە بەشی زۆری دانیشتوانی ژیانیان لەوپەڕی نالەباریدایە و شتێکی ئەوتۆ نەماوە بەدەستیانەوەو سەرمایەیان و تەنانەت سەرەتایی ترین هیواکانیان بە ژیانی ئاسایی لەدەست داوە. ڕۆژانە لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەبینین و دەبیستین کە گوزەرانی خەڵکی ئێران لە چ ئاستێکدایەو بە شێوەی کولەمەرگی ژیان بەسەر دەبەن. ڕژیمی خۆسەپێنی ئاخوندی لە ماوەی چل ساڵ حکومەتی خۆیدا بێجگە لە تێکدانی بەها و نرخە جوانەکانی کۆمەڵگە، بە زوڵم و زۆرو نادادپەروەری کۆمەڵگەی بەرەو هەڵتەکان و لەناوچوون بردووە. لە وەڵاتێک کە هێندێک لە خەڵک لە برسا پەنا بۆ فرۆشتنی ئەندامی جەستەی خۆیان دەبەن، لە وەڵاتێک نرخ دانان لە سەر جەستەی مرۆڤ، فرۆشتی ئەندامی جەستە، بووەتە دیاردە و بازاری تایبەت بە خۆی هەیە، لە وەڵاتێک نانی بەشێک لە دانیشتووانەکەی لەنێو پاشماوەو سەتڵی ئەشغاڵەکانەوە دابین دەکرێ، لە وەڵاتێک برسیەتی و هەژاری تەنگی بە مرۆڤەکان هەڵچنیوە و خەڵک ئازار دەکێشن و بە گیانیان گەیشتووە، و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان تا دێ زیاتر و زیاتر بەرۆکی خەڵکی ئێران دەگرێ و بەشێکی بەرچاوی جەماوەر هیچ هەل و دەرفەتێک بۆ ژیان نابینن. لە وڵاتێکدا کە کەسانی سەردەرچوو زانا، وڵات بە جێ دێڵن و لە لایێکی دیکەش لە ناو کۆمەڵگەدا، خۆکوژی و دەیان دیاردە و حاڵەتی دیکە بوونی هەیە، لە وەها دۆخێکدا دەبێ بپرسین شتێک ماوە لە دەستی بدەین و لێی بترسین؟بێ شک لە دۆخی ئێستای ئێراندا ترس بێ مانایە و پێویستە لەسەر تاک بە تاکی دانیشتوانی ئەو وەڵاتە لە بیری داهاتووی خۆیان و نەوەی نوێ بن و پێویستە لە بیری ئێستای خۆیان بن و نابێ ترس زاڵ بێ بە سەریاندا چونکە ترس سەرچاوەی نەهامەتیەکانی خۆیان و شار و وەڵاتەکەیانە. بە ناسینی سەرچاوەی دەردەکان، هەموو ئازار دیتوانی وەڵات و چ ئەوانەی پشتیان لەژێر باری قورسی ژیان چەماوەوتەوەو چ ئەوانەی سەرمایەیان هەیە بەڵام بە هۆی ناکارامەیی دەسەڵاتدارانەوە داهاتویان روون نیە، باشتر وایە تا وەڵات وچارەنووسی جەماوەر ئەوەندەی دیکە نەکەوتۆتە هەڵدێر، هەموو پێکەوە ترس وەلانێن و چەکی مەردایەتی بەلادا بکەین و وێکڕا دژ بە ئاخوندانی ستەمگەر، چەوسێنەر و خوێنمژ ڕاپەڕین و ئاسۆیەکی روون و داهاتوویەکی گەش بۆ منداڵەکانمان و نەوەکانی دواتر بونیاد بنێین.ئەگەر بتوانین بەسەر ترسدا زاڵ بین ئەوە دەتوانین رەوتی ژیان بگۆرین، لە وەڵاتێکی داروخاو، کۆمەڵگەیەکی پر کێشە و قەیراناوی و لە دەسەڵات و سیستەمێکی داپڵۆسێنەر و دیکتاتۆر و گەندەڵەوە، وەڵاتێکی ئاوەدان، کۆمەڵگەیەکی ئارام، ئۆقرەگرتوو و شاد و سیستەمێکی دیموکراتیک و خەڵک پەسەند کە مافی هەموو نەتەوە، دین و مەزهەب، چین و توویژێکی تێدا دەستەبەر کرابێ ، بنیاد بنێن.

## ڕۆژی جیهانی پیاوان!

نووسینی: شایستە محەممەدی



زۆربەی کات بەبۆنەی ڕێز دانان بۆ جێگەی بەرزی مرۆڤ، بۆنە گەلێک دیاری دەکرێت کە ئەتوانین لە ڕۆژژمێرەکاندا بیانبینین.
هەرکام لەم ڕووداوانە لە ژێر ناوێک وەکو یادکردنەوە، ساڵوەگەڕ، کۆچی دوایی کەسایەتیەک، ڕۆژی لە دایک بوون و هتد... بنەمای بۆ دانراوە ویادەوەریەکە بۆ بیرهێنانەوەی کۆمەڵگا. هەر کام لەم ڕوداوانە جێگەی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەتوانێ تا ڕادەیەکی بەرچاو کەسایەتی کۆمەڵایەتی چین و توێژەکان لە کۆمەڵگە وەدەرخا. یەکێک لەم ڕۆژە تایبەتانە، ڕۆژی ١٩ی نوامبرە، کە بە ڕۆژی جیهانی پیاوان ناسراوە. ئەم ڕۆژە بە لێگێڕانەوەیەک لە ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن پرۆفیسۆر تۆماس ئێستر دیاری کراو لە ساڵی ١٩٩٩ گشتگیرتر بۆوە. هەر ساڵەو بەو وڵاتانەی کە ئەو بۆنە چەژن دەگرن زیاد دەبێ، بە ڕادەیەک کە ئێستا زیاتر لە ٦٠وڵات ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانی پیاوان بەڕێوە دەبەن.
ئامانجی سەرەکی لە ناونانی ئەم ڕۆژە سەرنجدان بە سلامەتی پیاوان، پەرەپێدانی بەرابەری ڕەگەزی، باشتر کردنەوەی شێوەی هەڵسووکەوت، ڕون کردنەوەی ڕۆڵی پیاوان لە نێو کۆمەڵگاو نیشاندانی ئەو ڕاستیەی کە تەواوی پیاوان چەوسێنەر و زاڵم نین. قەت نابێ ئەم ڕاستیە بشارینەوە کە پیاوان ڕۆڵێکی گرینگیان لە نێو بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی ژیان هەیە، بەرەو پێشبردنی ژیان پێویستی بە هەر دوو ڕەگەزەو ئەمەش زۆر ئاشکرایە پیاوان لەم بەڕێوەبردنەدا زۆر کاریگەرن.
لە کۆمەڵگای ئەمڕۆیی و کلتوری سەلمێنراو بە کۆمەڵگا، پیاوانیش لە ژێر ناوی خۆیاندا گوشارێکی زۆریان لەسەرە کە ئەم گوشارانە بریتیە لە چاوەڕوانی کردنی کاری قورس، فشار بۆ بە تەنیا بەڕێوەبردنی ژیان و خۆنەویستی بە بۆنەی بنەماڵەکەیەوەو زۆر شتی دیکە....
ڕەنگە زۆربەی ئێمە نەزانین بەڵام پیاوان لە زۆر بواردا لە ژنان مەترسی زۆرتریان لەسەرە، بۆ زانین و ئاگاداری زۆرتر لەم کێشانە ئەتوانین ئاماژە بکەین بە کێشە کۆمەڵایەتیەکان کە بە پێی هێندێک ئامار: کوڕەکان دوبەرابەر زیاتر لە کچان توشی کێشەی لە دەستدانی کۆنترۆڵ و ئارام نەگرتن لە جێگەیێک دەبن و ڕێژەی دەست هەڵگرتن لە خوێندن لە پلەی دواناوەندی (دەبیرستان) لە نێو کوڕاندا زیاترە و نمرەی کوڕان لە کچان کەمترە، ڕێژەی خۆکوژی لە ناو کوڕان دا چوار ئەوەندەی کچانە، ئەگەری چوونە بەندیخانەی کوڕان زۆرترە لە کچان، کوڕان زیاتر لە کچان ئەبنە قوربانی تاوان و جینایەت، بە ڕادەیەک کە کوڕان پێنج ئەوەندەی کچان بە هۆی خۆکوژی گیانی خۆیان لە دەست ئەدەن. ئەمانە تەنیا بەشێک لە زۆربەی کێشەکانی پیاوانە کە ئەتوانین بە زانیاری وەرگرتن لەم بەشە یارمەتی دەرێکی بەرچاو بین بۆ چاک کردنەوەی کلتور و لێتێگەیشتنی زیاتریان.
ڕۆژی جیهانی پیاوان دەرفەتێکە بۆ پێزانین لە پیاوانێک، کە وەکو باوک، مێرد،برا، هاوڕێ و هتد..
تەواوی هەوڵی خۆیان داوە بۆ باشتر ڕۆڵ گێڕانی خۆیان لە ناو ژیاندا و بە دڵسۆزی و فیداکاری ڕەوتی ژیان باشتر ئەکەن.
پیاوانێک کە جێگەی خۆیان و جێگەی ژنان ئەزانن و هەوڵ ئەدەن تا بە ڕوانگەیەکی یەکسان و بەشێوەو ڕوانگەی ڕەگەزی هەنگاوەکانیان بۆ وەدیهێنانی ژیانێک بێ جیاوازی ڕەگەزی هەڵدەگرن و تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ پاراستنی مافی ژن داوەو لە هەموو کاتدا بەردەوام پشتیوان و هاندەری ژنانی ئازادی خوازن و لەم ڕێگەیە دا یارمەتی دەریان بوونە.

## بە پێی ڕاپۆرتی یونیسێف، زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی جیهان لە سرویسی بێهداشتی بێبەشن!




یونیسێف سندوقی منداڵانی ڕێکخراوی نەتەوەکان، دەڵێت: جیهان لە گەلاڵەی دابینکردنی خزمەتگوزاری بێهداشتی بۆ هەمووان تا ساڵی ٢٠٣٠دورە. ئەم ڕێکخراوە لە ڕاپۆرتی نوێی خۆی دەڵێ کە سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکان، زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی جیهان واتە ٢.٤میلیارد کەس لە سرویسهاێیک کەڵک وەرئەگرن کە پاشماوەی مرۆیی لە دەوروبەری شوێنی ژیانیان بڵاو دەبێتەوە، و ئەمە مەترسیە بۆسەر ژینگە.
بە پێی ڕاپۆرتی یونیسێف ٦٧٣ ملیۆن کەس توالێتیان نیە، و نزیک بە ٦٩٨ملیۆن خوێندکار لە خوێندنگاکان خزمەتگوزاری بێهداشتیان نیە.
یونیسێف دەنوسێ، لەکاتێکدا تاساڵی ٢٠٣٠، ١٠ساڵمان ماوە، ئەگەر جیهان بیهەوێ ئامانجی پەرەپێدانی پایای ڕێکخراوی نەتەوەکان لە ژێر ناوی بەڵگەی ٢٠٣٠یۆنیسکۆ بێنێتە دی، دەبێ خێرایی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان چوار هێندە بکاتەوە و بەم خێراییەی ئێستا پێشکەوتن لەم بوارەوە تا ساڵی ٢٠٣٠ ئەخاێنێ.
بە پێی ئەم ڕاپۆرتە زیاتر لە ٣١٠ هەزار منداڵی ژێر پێنج ساڵ واتە لە هەر دو چرکە یەک منداڵ بە هۆی نەخۆشینی سکچوون کە پێوەندی لەگەڵ نەبوونی توالێت هەیە، گیان ئەدات.

# کـــردەوەی تـرۆریســـتی لـه پـێـناســـه سەرەکیەکانی دەسەڵاتە ئێرانە

نووسینی:بەختیار عەزیزی



ڕژیمی دیکتـاتۆرو مـرۆڤ کـوژی ویلایەتـی فەقـیە هەر لە ڕۆژانـی سـەرەتای بە دەسـەڵات گەیشـتنیەوە، کوشـتن و شـکەنجەدانی هاونیشـتمانیانی کوردسـتانی بە تـایبەت، وە خەڵکـی ئێرانـی بە گشتی،کردۆتە یەکێک لە سەرەکیترین ئـامرازو ڕێگەکان بـۆ مـانەوەی دەسـەڵاتەکەی.ئەو دەسـەڵاتە نامەشـروعە لە گەڵ پەیـڕەو کردنـی سیاسـەتی ترسـاندن و کوشـتن و ئیعـدامی هاونیشـتمانیان،لە هەمانکاتدا ترۆرو ڕەشە کوژی ودروست کردنی ڕایەڵەی جاسوسی لە ناوخۆی ئێران و لە سەرانسەری جیهانی، کردۆتە بەرنـامەی سەرەکی جینایەتەکـانی.تـرۆری تێکۆشـەرانی سیاسـی و کەسـایەتیەکان لە ناوخۆی ئێران و لە دەرەوەی ئێران، ڕفاندن وتەفروتونا کردنی دەیان کەس و خەرج کردنی ملیاردها دۆلار بۆ دروست کردنی دەیـان ناوەنـدی جاسوسی و ئەمنیەتی بە مەبەستی زۆرهێنان و ترساندنی تێکۆشەرانی ڕێگەی ئـازادی لە کـارە دزیوەکـانی حـاکمیەتی ترۆریسـتی ئـاخونـدی ئێرانە.ئاشکرایە کە ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمی ئـاخونـدی ئێران، لە ماوەی یەک سـاڵی ڕابـردوو هەوڵەکانیـان بـۆ زەربەت وەشـاندن و ئـاژاوو بشێوی لە ڕیـزی هێزەسیاسیەکانی ئوپۆزسیۆنی ئێرانـی و بە تایبەت هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران و هێزەکـانی پارچەکـانی دیکەی کوردسـتان بەربڵاوتـر کردوە. لەو چوارچێـوەدا بەکرێگیراوانـی ڕژیمـی ئێـران بە نـاردنی کەسـانی فریـودراوی ساویلکە بـۆ ڕیزەکـانی شۆڕش و هەروەها بە فریودانی دەیان کەسی بە ناو ڕۆشنبیرو دروست کردنی چەندین ناملیکەو ماڵپەڕی جیاجیا بۆ پڕوپاگەندەی ژەهراوی و دروست کردنی بشێوی لە ڕیزی هێزەسیاسیـەکان

وبە خەیـاڵ بـۆ گومـان دروسـت کـردن لە تێکۆشـانی چەنـدین سـاڵەیان و هەروەهـا بە تەمـاع خسـتنە بەر تێکۆشـەرانی نـاو شۆڕش لە ڕێگەی پوڵ و سەرمایەو پێدانی خانو لە نـاو ئێران و بەڕێکردنیـان بـۆ وولاتـانی ئوروپـایی و چەنـدین بەڵێنـی دیکەو هەروەهـا بە فریـودانی دەیـان ئـافرەتی چـارەڕەش کە ناویـان لینـدراوە (پەرەسـتو) پەڕەسـێلکە،کە بە داخەوە ئەو دامـاوانە زۆربەیان بە هۆی بە بارمتەگرتنی ئەندامێکی خانەوادەیان و یا بە هـۆی هەژاری و بێـدەرەتانی ناچـار دەبـن مـل بـدەن بـۆ ویستەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپای پاسداران و لە لایەن ئەو دوو ناوەنـدە دژی گەلـی و قێزەونـانە بـۆ فریـودانی چالاکـانی سیاسـی وکـادرو پێشـمەرگەکانی کوردسـتان بەکاردەهێنـدرێن. جـێگەی داخە هێنـدێک جـار ناوەنـدە جینایەتکاری و جاسوسیەکانی ڕژیمی ئێران توانیویانە کەسانێک لە ڕیزی هێزە سیاسیەکانی کوردستان فریو بدەن کە هێندێک جار خـودی ناوەنـدە ئەمنیەتیەکـانی ڕژیمـی ئێـران بە ئەنقەسـت هەوڵیانـاداوە ئەو کەسـە فریوخـواردوانە ئاشـکرا بـن تـا بە ئاشکراکردنیان، جۆرێک لە بێ موتمانەیی دروست کردبێ. جێگەی دەست خۆشـی و پێـزانیننە کە تێکۆشـەرانی ڕیزەکـانی سـازمانی خەبـات بە شـێوەیکی بـوێرانەو بە هەسـت کـردن بە کەسـایەتی بەرزو شۆڕشـگێرانەیـان، وەلامـی سـەخت و ددان شـکێنیان بە دژمنی قین لەدڵ داوەتەوە. کە بێگومان یەکێک لە ئامانجەکانی دژمن لە ناوبردنی بایەخی ئینسانی و کەرامەتی مرۆڤە نیشتمان خۆشەویست و ئـازادیخوازە.لایەنێکی دیکەی ئامانجەکانی ڕژیمی ملهوری ویلایەتـی فەقـیە لە جاسـوس نـاردن و چاودێری کـردن و فیلم هەڵگرتن بە کەسانی ناشی لە بنکەکانی سازمان و هەوڵـی کـردەوەی ترۆریسـتی دژ بە تێکۆشـەران و ڕێبەریـی سـازمان، بە خەیاڵی خاوی ترساندن و پاشەکشە پێکردنی سازمانی خەبـات لە بەرنامەو ئامانجی سەربەرزانەی لە شۆڕشی ڕەوای ئازادیخوازی و مـافخوازی گەلـی کـوردە، بەلام هەوڵـی ڕژیمـی ئـاخونـدی و ناوەنـدە سـەرکوتگەرەکانی و بەکرێگیراوانـی، نەک نـابێتە هـۆی پاشەکشە پێکردنمـان بە ڵکوو بەهێـزو بەوورەتـرمـان دەکا لە لە بەردەوام بـوون لە شۆڕشـی مـافخوازانەی خەڵکـی کوردسـتان و لە شۆڕش لە بەرانبەر ئەو ڕژیمە دیکتاتۆرە.بێگومان بە سوور بـوون لە سەر بڕیاری شۆڕشگێرانەو بە هاوکاری تێکۆشەرانی ڕیزەکانی سـازمان و هەوڵەکـان و چاودێریەکـان و هاوکاریەکانمـان، پیلانەکانی ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمی مرۆڤ کوژی ئاخوندی پـوچەڵ دەکرێنەوەو بە کارەمـان زیـاترو بە هێزتـر لە گۆڕەپـانی خەبـاتی مـافخوازانەی خەڵکـی کوردسـتان و لە خەبـات دژی دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندی سەرکەوتوو دەبین.

# ڕەخنەگرتن هۆیەک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە

نووووسینی : شۆڕش حاجی



پێش هەر شتێک، یەکێک لە هۆکان بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی بوێری و ئازایەتی، خۆ ڕاهێنانە بە دیاردەی شارستانیانەی ڕەخنەگرتن و گوێگرتن لە ڕەخنەی بونیادنەر و هەوڵدانە بۆ ئەوەی بە باشی کەڵکی لێ وەربگرین وکاریان پێ بکەین و هەروەها فێریش بین شێوەی ڕەخنەگرتنەکان واقعی بن و لە چوارچێـوەی ووشـەی بـازاڕی و دوور لە پرەنسـیپە دروستەکانی پێوەنـدی ئاسـایی و لـۆژیکی و ئەخلاقیەکـان نەبن. بێگومان کاتێک ڕەخنە دەگرین، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕوداوێک یا کارێک پێچەوانەی ویست و حەزی ئێمەیەو مـافی خۆمـانە گرینگـی بە باشـتر بـوون بـدەین و هەوڵ بـدەین بە ڕەخـنە گـرتن، کارێـک بکەیـن بڕیارەکـان باشترو کارەکان ڕێکبخرێن و شیاوتر ئەنجام بدرێن. بێگومان جـۆری ڕەخـنە، کـاتی ڕەخـنە، و هەروەهـا چوارچێـوەی ڕەخنەگرتن دەبێ دیاربێ، و ڕەخنە گرتن لە سەر بنەمای ڕق و بۆ دەربڕینی هەست و بیری خراپ نەبێ، بۆ نمونە کاتێک کوردێک بە شێوەی نەشیاو هێرش دەکاتە سەر پیرۆزیەکـانی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەو هێرش و بێ ڕیزیـانە بە نـاوی ڕەخنە گرتن دەردەبڕێ، نـابێ چاوەڕێ بکرێ بێڕێزیەکـانی وەک ڕەخـنە لـێ قـەبـوڵ بکـــرێ، یـان کاتێک کەسێک لە چوارچێوەی تەشکیلاتێکی سیاسی و یا هەر ئورگانێکدا کە بۆ خـۆی ئەو ساختارەی قەبـوڵ کـردوەو لـەو پێکهاتەدایە،

بە نـاوی ڕەخـنە، بێڕێزی بە پرەنسیپ و سـەروەریەکانی تەشـکیلات و ئەو ئورگـانەی تێیـدایە دەکـات، نەک بە ڕەخـنە نـاژمێردری بەڵـکوو بە پێشـێلکردنی بنەماکـانی ڕەخنەگـرتن دەژمێـردرێ و دەچێـتە چوارچێـوەی نەزانـی وخـزمەت بە نەیـارانی تەشـکیلات و ئـاو کـردنە ئاشـی دوژمـنەوە. کەسێک ڕەخـنەی نەزانـانە و دوور لە بنەمـاو لۆژیک دەگرێ وەک ئەو کەسە وایە کە چەکێکی سوارو پڕ لە فیشەکی پـێ یەو ڕووی دەکـاتە دەوروبەری نـازانێ کـێ دەکـوژێ و چ مەترسـیەک بـۆ سـەر دەورووبەری دوروسـت دەکات، و یا وەک کەسێک کە خۆی دەکـاتە وەستای دیـوار بەڵام ئەو دیوارەی دایناوە زۆری پێ ناچێ دەڕوخێ. ڕەخنە وەک شمشێرێکی تیـژە بە دەستمانەوە کە ئەگەر نەزانـین بە باشی بەکاری بێنین خۆمانی پێ بریندارەکەین و دڵی دەوروبەرمانی پێ شەق ئەکەین. کەسێک ڕەخنە لە کارێکی تایبەت و یا لە کەسێک دەگرێ، دەبێ توانایی و بیرو تێ گەیشـتنی فکـری لە حاسـتێکدا بـێ کە بتـوانێ ڕەخـنەی دروسـت و پەسـەند بگـرێ، بـۆ نمـونە ترسـەنۆک و بـێ شـەهامەت کە لە خشـەی قـۆری دەترسـێ و لە کـاتی تەنگانەدا کونە مشکی لێ دەبێ بە قەیسەری، ڕەخنە لە کەسێکی بە شەهامەت و گیانفیداو لە گیان بوردوو بگرێ و پـێی بلـێ تـۆ لە فلان جەنگ و ڕوبەڕوبـونەوەدا هیچت پێنەکـرا، ڕەخـنە گـرتنەکەی بـێ بنەمـایەو نـاکرێ ڕەخـنەکەی بە هێنـد بگیـرێ، یـان کەسـێک کە هـیچ شارەزایی لە کاری پزشکی و چارەسەری نەخۆشیە قورس و مەترسیدارەکاندا نـیە، ڕەخـنە لە دوکتورێـک بگـرێ کە چەندین ساڵ دەرسی خوێندوەو ئەزموونی پزشکی سروشتی نیە. ئاشـکرایە هەمووـمان کاتێـک ڕەخنەمـان لێـدەگیرێ دڵخۆش نابین، بەڵام پێویستە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەوڵ بـدەین بـۆ ئەوەی گرینگـی بە ڕەخـنە بـدەین و هەروەها فێربین چۆن ڕەخنە بگرین، تـا بە ڕەخنەگرتنی دروسـت و شیاو هەم سـنووری خۆمـان نەبەزێنـین وهەم نەبینە هۆی بێ کەڵک بوونی ڕەخنە.

# یەکێک لە سەرەکیترین بەربەستەکانی بەردەم بزوتنەوەی مافخوازانەی ژنان ، خودی ژنانن

نووسینی: فرمێسک ئەردەڵان



لە ڕاسـتیدا بـزوتنەوەی ژنـان مـاوەی چەنـدین سـاڵە ، سـەرەڕای هەمـوو بەربەسـتەکان و بـێ سـڵەمینەوە ، س س بە دڵنیـاییەوە قـازانجی دەسـکەوتەکانی ئەم بـزوتنەوەیە نەک تەنیـا بـۆ ژنـان ، بەڵـکو بە قـازانجی کـۆمەڵگەی مرۆڤایەتیشـە.سـەرەکیترین ئەرکی چالاکوانـانی بـواری مـافی ژنـان, هەوڵ بـۆ گەشەسـەندنی ڕونـاکبیری لە نێو کۆمەڵگەیە, و بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم ئامـانجە پێویستیان بە هاووکـاری و هاووهەڵوێسـتی زۆربەی هەرە زۆری ژنـانە لە کۆمەڵگادا بۆ ئەوەی ئاسانترن بـگەن بە هەدەف و ئەو ئامـانجەی بـۆی تێدەکۆشن .

لە کۆمەڵگـای جیهـانی دا و بەتـایبەت کۆمەڵگای کوردی, بمانەوێ و نەمانەوێ پەروەردە زیاتر کەوتـۆتە ئەستۆی ژنـان, هەرچەنـدە ئەوەش پـێچەوانەی بنەمـای بەرابەری ڕەگەزیە, بەڵام تا گـەیشتن بەو قۆنـاغەی کە پەروەردە و زۆر ئەرکـی دیـکە کە کۆمەڵگە بەشـی هەرە زۆری خستۆتە ئەستۆی ژنان , نەک بە وتە و هەر بە کردەوەش بکرێتە ئەرکێکی هـاوبەش لەنێوان ژنان وپیاوان. ئێمە ناچـارین ئەم ڕاسـتیە قەبـوڵ کەیـن کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژنـان زیاتر لە پیاوان ئەرکی پەروەردەیـان لەئەسـتۆیە و دەبـێ ئەوە لەبەرچـاوبگیرێ کە وێـرای هەمـوو هەوڵ و تەقالای چالاکوانانی دۆخی ژنان , تـا ئێستاش بەداخەوە ژنـان ئاگاهیـان لە مافەکـانی خۆیـان نـیە . بێگومـان ، یاسـا و زۆرەملێـی کـۆمەڵگە ڕێگـــرە لە وشـــیارکردنەوەی ژنـــان. بەڵام بە دڵنیـــاییەوە هـــۆی ســـەرەکی خـــودی ژنـانن. دەستدرێژی سێکسـی, ئـازاری دەروونـی, لەنـاو بردنـی کەسـایەتی ژنـان, خەتەنە و سـەپاندنی سزای توندتر بە سەر ژنان بـۆ تـاوانی هاوشـێوە لە نێـوان هەر دوو ڕەگەز , دیـاردەگەلێکن لەزۆربەی وڵاتـانی جیهانـدا دەبینـرێ, بەڵام لەو وڵاتـانەی کە تا ڕادەیێـک خاوەن دیمۆکراسین و پێشکەوتون , بـزوتنەوەی ژنـان دەستیان بـۆ گـۆڕینی یاسـا ئـاوەڵاترە و زیاتر دەتوانن دەنگیان بگاتە ژنانی ناوماڵان و ژنانی نەخوێندەوار.

لە ئێران بە گشتی و بەتـایبەت کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئاخونـدی دا, بەهـۆی دیکتـاتۆریەتی دەسەڵات و یاسای دواکەوتـوانەی کە تێدا مـافی ژنان ڕەچاو نەکراوە , ژنـان و بزوتنەوەی ژنـان وەک تـاوانبـار هەڵسـوکەوتیان لەگەڵ دەکـرێ , زۆربەی لە چالاکوانـان لە بەنـدکراو شـکەنجە دەکـرێن. هەروەهـا مێـدیاکانی ئەو وڵاتە وەک پردێک لە نێـوان ژنـان و کـۆمەڵگە لەخزمەتـی دەسەڵاتی پیاو سالاردان و تەنانەت هەوڵی

سـەرەڕای هەمـوو ئەمـانە ، بـزوتنەوەی ژنـان لە هەر هەلێک بـۆ پێشـکەوتن کەڵـک وەردەگـرێ ، بەڵام ئایـا خـودی ئەو ژنـانەی کە دەچەو چەنـدە هەوڵ ئەدەن بـۆ داکـۆکی لە مـافی خۆیـان؟ئەو ژنـانەی کە لە خەوی بـێ ئاگاییـدان و نایـانەوێ لەو ئـاڵوگۆڕانە کە وەکـوو دەسکەوتێکە بۆ بزوتنەوەی ژنان تێبگەن. دوور کەوتنی ژنـان لە کـۆمەڵگە و ئامرازەکـانی ڕاگەیانـدن, سەرقاڵ کردنیان بە شتی لاوەکـی, وەکـوو مکیـاج, جلی جـوان, زێـر, کەل ویەلـی مـاڵ و ... بـۆتە هـۆی ئەوەی ژنـان ئاگاداری زۆر بنەمای سەرەکی نەبن . ئەو بنەمایـانەش پـاش لێکـۆڵینەوەیێکی زۆر سەلمێنراون و مـافی هەموو ژنانی تێدا ڕەچاو دەکرێ , مافی لەبـار بردنی منـاڵ, مـافی کۆتـایی هێنـان بە ژیـانی هـاوبەش, مـافی خاوەنـداریەتی جەسـتە, بەرابەری تەواو, مـافی سەریەرەستی منداڵ, مـافی سـەربەخۆ بـوون لە بـواری ئـابوری و هتـد, نمونەیێـک لەو ئوسـول و بنامایانەیە. لە سەدەی بیستەم و لە کاتێکدا ژنان بە تـاوانی سیاسـی بـوون لە بەنـدیخانەدان, ژنانێـک بوونیـان هەیە کە هێشـتا کێشـەی سـەرەکیان مـۆد و سریاڵی جێم تیڤییە, ئەوانەی کە هێشتا بە جێگـای باوەڕ بە خۆ بوون, فێری کچانیان دەکەن خۆیـان نەبن و بۆ سـەرنج ڕاکێشـانی پیـاوان دوور بـنەوە لە خـودی ڕاستەقینەیان ، و بەردەوام لەبەر ئەوەی کچـن لەزۆر حەز و ئاواتیـان دوور دەبـن. ئەوانەی کە هێشـتا کچانیـان بە خزمەتکـار و میـوانی مـاڵ دەزانـن.لێـرەدا گرنگی دەنگ هەڵبڕین و ڕاگەیاندن دەردەکەوێ ، بۆیە یەرەپێـدانی ئاگـایی ، ئەرکـی تـاک بە تـاک و هەمـوو ئەو کەسانە بـۆ بەرەنگـار بـونەوەی توندوتیـژی پێویسـتمان بە ژنـانی بـوێرە, ژنـانێـک کە دەزانـن هەرچەنـد لە دژی یاسـا دواکەوتووەکـان و کـۆمەڵگەی پیـاو سـالار ڕاوەستن , زیـاتر دەکەونە بەر یەلامـاری کەسـانێک بە بیروبۆچـونی دەمـار گـرژانە , بەڵام کۆڵنادەن, بۆیە ئەو ڕاستییە دەزانن کە بەبێ هەوڵـی ژنـانی تێکۆشەر , ئامانجەکـانی بزوتنەوەی ژنـان وەدی نـایە. ڕەنگە زینـدان, شـکەنجە, کوشـتن و بـڕین بـۆتە هـۆی ڕوودانـی جیرۆکـی دڵـتەزێن, بەڵام ورەیـان دانـابەزێ ونەوە دوای نەوە هەنگاوەکانیـان یتەوتـر دەکەن و داس و چەک و چەقـۆی دەسـتی نامرۆڤـان بنەوێ .

# مەترسـی ئینترنێـت بۆسـەر پێوەنـدیە خێزانـی و کۆمەڵایتیەکان

نووسینی: ئاریا مەحمودی



سەرچاوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتین و ئێمە لە ئێسـتادا لە شۆڕشـێکی بەربـڵاو و هەمەلایەنداین کە سەرەتای دەستپێکردنی لە ساڵی ١٩٦٢دا بە شێوەیەکی سادە دەستی پێکرد، ئەویش بەستنەوەی کۆمپیتەرەکان و ئینترنێت بوون بەیەکەوە،کە ئەمڕۆش بەهۆی کۆمپیتەرو مۆبایل و تەکنەلۆجیاکان زیاتر لە ٣ ملیارد کەس لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتر.بێگومان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە شۆڕشێکی خێرای زانیاری گواستنەوەو پێوەندی کردن تێدەپەڕێ کە لە چاو ڕابردوو دا زۆر زووتر لەوەی کە چاوەڕوانی دەکرا شتەکان دەزانین بە جۆرێک کە بە پێی ڕاپرسیەکی جیهانی، خەڵک ئینتەرنێت بە گرنگترین پێداویستی ڕۆژانەیان دادەنێن. لەگەڵ ئەو خاڵە باشانەشدا، مەترسیەکانی هۆکانی پێوەندی گرتن و زانیاری گواستنەوە کەمتر دیارن و زیاتر شاراوەن. بە داخەوە لە ئێستادا خەڵک گرینگیدان و گەڕان لە ئینتەرنێتیان لە کتێب پێ باشترە لە حاڵێکدا بەهۆی ئینتەرنێتەوە ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان لە ژێر هەڕەشەدایەو هەزاران فایلی کووکی ناو (هارد دیسکەکەت)ئاشکرا دەبن و مۆبایلەکانمان هەموو ٥ چرکە جارێک زانیاری(داتا ) لەبارەی جموجووڵەکانمانەوە ئاشکرا دەکەن

تەنانەت ئەوکاتانەشی کە بە ڕواڵەت کوژاونەتەوە. مەترسییەکی تری ئینتەرنێت ئەوەیە کە بە هۆیەوە تاوانەکان زیاتر بوون و لە کۆنترۆڵ دەرچوون چونکە لەناو ئەوانەی کار بە ئینترنێت دەکەن کەسانێکیان تێدایە کە دەستدرێژی و سوکایەتی کردن بە بەرانبەرەکەیان کردۆتە کاری ڕۆژانەیان. ئینتەرنێت کۆمەڵێک دیاردە دەخاتە بەردەمت کە توانای ڕوبەڕوبوونەوەیانت نییە بۆ نموونە بەهۆی ئینتەرنێتەوە تۆ ناتوانیت پەیووەندییەکی قووڵت لەگەڵ دایک و باوکتدا هەبێت، ناتوانیت ڕەخنەگرانە بیربکەیەوە. ئینتەرنێت دەبێتە هۆی پچڕاندنی پەیوەندییەکانمان و وات لێدەکات کە بێزار و بێبەرهەم ببیت و نەتوانی هۆشیار ببیتەوە، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی باش منداڵەکانمان پەروەردە بکەین و هەروەها لە مەترسیەکانی ئەم ئامرازە ترسناکە ئاگاداریان بکەینەوە و دووبارە پەیوەندی لەگەڵ دونیای سروشتیدا دروست بکەینەوە. لەم سەدەی دواییدا، تەکنەلۆجیا بەشێوەیەک بەرەو پێش چووە کە بەتەواوی شێوەی پەیوەندیکردنی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە گۆڕیوە، ئامێری چاپ و تەلەگراف و تەلەفۆن و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن، ئەو تەکنەلۆجیایانەن کە جیاواز لەوەی هۆیەکی پێوەندی گرتن و زانیارین لە هەمانکاتدا

# پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات بە بۆنەی 75 ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان




جەماوەری ستەملێکراوی کورد!

خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی!

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و کەس و کاری شەهیدان!

پێشەکی بە بۆنەی حەفتاو پێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا، پیرۆزبایی بە خوشک و برایانی کورد، خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی، پێشمەرگە قارەمانەکان و تێکۆشەرانی خەباتکار و زیندانیانی سیاسی کە لە زیندانەکانی ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی کەوتونە بەر شکەنجەی جەستەیی و دەرونی، پێشکەش دەکەم. کۆماری کوردستان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی و مافخوازی خەڵکی کوردستاندا، روناکی ڕۆژانی ڕەش و دەستکەوتێکی گەورەیە،کۆماری کوردستان ئاسۆی ڕوونی خەباتی ڕەوای خەڵکی کورستان ورەو باوەڕ بە خۆ بوون و هێمای نەسرەتن و هەستانەوەیە.کۆماری کوردستان نیشاندەری زیندوویی دانیشتوانی کوردستان بە تێکڕای نەتەوەو زمان و دین وباوەڕەکانە. دامەزرانی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا بە دروشمی پێکەوە حەوانەوە لە گەڵ تێکڕای خەڵکی ئێران، ئەو ڕاستیەی سەلماند کە کورد ئامانجی بە دەست هێنانی مافە ڕەواکانیەتی لە چوارچێوەی ئێران و هیچ کات نەیویستوە ببێتە هەڕەشەو مەترسی، بەڵام حکومەتی دیکتاتۆری حەمەڕەزا شا لە جیات سەلماندنی مافەڕەواکانی گەلی کورد لە ئێراندا،بە کێشە دروست کردن و هێرش بۆ سەر شارەکانی کوردستان و دەسەڵاتی کۆماری کوردستان، درێژەی بە جینایەتکاریی و پەیڕەو کردنی سیاسەتی دیکتاتۆری و هەوڵ بۆ فەوتانی گەلی کورد دا. لە کاتێکدا کە کۆماری کوردستان لە ماوەی نزیک بە یەک ساڵ تەمەنیدا بووە نمونەی پێکەوە حەوانەوەو ئاشتی و تەبایی لە نێوان چین و توێژەکانی کوردەواری و نەتەوەو باوەڕەکانی کوردستان.

سیاسەتی دژمنکارانەی حکومەتی حەمەڕەزا شا بۆ هەمیشە وەک خاڵێکی ڕەش بە سەر مێژووی دەسەلاتە دیکتاتۆرەکەی خانەوادەی پەهلەوی دەمێنێتەوە. ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی کە میراتگری ستەمگەری و جینایەتکاریی ڕژیمی شایە،لە ماوەی چل و دوو ساڵی دەسەڵاتیدا دڕندانەتر لە حکومەتی حەمەڕەزا دانیشتوانی کوردستان و تێکڕای خەڵکی ئێرانی خستۆتە ژێر ستەم و چەوسانەوە،بەڵام سەرەڕای ستەمگەری دەسەڵاتی ئاخوندەکان، تێکۆشان و چالاکی هاونیشتمانیانی کورد بەردەوامەو ستەم و ئیعدام نەیتوانیوە ببێتە هۆی پاشگەزبونەوەی دانیشتوانی کوردستان لە خەبات بۆ گەیشتن بە مافەڕەواکانیان و لە خەبات بۆ ڕوخانی ئەو ڕژیمە دیکتاتۆرو ستەمگەرە.لە ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، داواکارم کە خاڵە ئەرێنی و بەکەڵکەکانی کۆمار بکرێنە سەرچاوە بۆ کارەکان و لە خاڵە لاوازەکانی بۆ کارو تێکۆشانمان بخەینە بەرچاو هەوڵ بدەین لە سەر بنەمای دروشمی گونجاو بە کردەوە هەنگاو هەڵگرین و درێژە بە تێکۆشان نیشتمانی و نەتەوەیی بدەین. بە بۆنەی ئەم یادە پیرۆزە داوا لە هێزیە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران دەکەم لە چوارچێوەی پلاتفۆرم و پرۆژەیێکی هەمەچەشنە کە دەستەبەری ئامانجە سەرەکیەکانی هەمووان بێ، پێکەوە لە پێناو وەدی هاتنی ویستەکانی دانیشتوانی کوردستان و ئامانجی شەهیدانی سوورخەلاتی شۆڕشی مافخوازانە بۆ لە ناوچوون و ڕوخانی ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی تێ بکۆشین.

بڕوخێ ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی ئێران

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای میللەتی کورد

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران سکرتێری گشتی/ بابەشێخ حوسەینی

٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ کۆچی خۆری .

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی سیاسی بۆ ئەندامانی سازمانی خەبات لە دەرەوەی وڵات



کومیتەی دەرەوەی سازمانی خەبات لە وولاتانی ئوروپایی ، کۆبونەوەیێکی بۆ ئەندامانی سازمان لە گەڵ سکرتێری گشتی سازمانی خەبات بەڕێوە برد. رۆژی شەممە 13ی بەفرانباری 1399ی ک خ بەرامبەر بە 2ی ژانویەی 2021، بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێی 2021ی زایینی، کاک بابەشێخی حوسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات لە گەڵ بەشێک لە ئەندامانی سازمانی خەبات لە وڵاتانی ئوروپایی بەشێوەی ئۆنلاین کۆبۆوە. بەرێز کاک بابەشێخ لەو کۆبوونەوەدا تیشکی خستە سەر ڕووداو پێشهاتە جیهانی، ناوچەیی، ئێرانی و کوردستانیەکان و ڕاو و بۆچوونی خۆی لەو بارەوە بۆ بەشداربووانی کۆبوونەوەکە خستەڕوو.سکرتێری گشتی لەبارەی رووداوە جیهانیەکان تیشکی خستەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و سیاسەتی ئەو وەڵاتە لە چوار ساڵی رابردوودا و کاریگەریە خراپەکانی لەسەر دۆخی جیهان و کەڵکی خراپی هەندێ وەڵات لەو پیوەندیە خراپانەی زلهێزەکان وتی: لە چوار ساڵی رابردوودا سیاسەتی ئەمریکا هەڵەی زۆری هەبوو لە پێوەند بە ساخ بوونەوە لەسەر کێشە و گرفتە سیاسی و ئابووریەکان، حکومەتی ترامپ ئەگەر چی سیاسەتی دروستی لە حاست رژیمی ئاخوندی پەیرەو کرد و فشاری ئابووری و سیاسی زۆری خستەسەر ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە بەڵام لە پێوەند بە سیاسەتی نێونەتەوەیی، هەوڵی دا هەموو کارەکان بەبێ گەرانەوە بۆ زلهێزەکانی دیکە و هاوپەیمانە سەرەکیەکانی تاک لایەنە چارەسەر بکات ئەوەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ئەوەی زۆرێک لە کێشەکان نەک چارەسەر نەکری بەڵکوو کەلێنی قوڵتر لە پێوەندی زلهێزەکان بە گشتی و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی دروست بکات. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی وەڵاتێکی وەکوو تورکیە کەڵکی خۆی لێوەرگرێ و دەستێوەردانی زیاتر لە وەڵاتاندا بکات، یان ئەوەی وەکوو پێویست نەتواندرێ بەربەست بۆ سیاسەتی پاوانخوازانەی رژیم لە ناوچەکەدا دروست بکرێ و هەر وەک دەبینین رژیمی ئاخوندی ئێستاش درێژە بە دەستێوەردان و خراپەکاری لە وەڵاتانی عەرەبی و ناوچەکەدا دەکات.هەروەها لەپێوەند بە ئاڵووگۆڕی دەسەڵات لە ئەمریکا بەرێزیان وتی: ئەگەر بایدەن بچێتە کۆشکی سپی راستە وەکوو ترامپ نابێ لە راست رژیم بەڵام ناتوانێ پەیرەو سیاسەتی ئوبامایش بێ چوونکە دۆخی ئێستا لەگەڵ سەردەمی ئوباما زۆر گۆڕاوە. لە ئێستادا وەڵاتانی ئوروپاییش لەسەر بەرنامەیی ناوکەیی رژیم هەڵوێستیان نزیکە لە ئەمریکا و پێیان وایە پێویستە رژیم زیاتر دەست و پێی ببەسترێ بۆ ئەوەی نەتوانێ درێژە بە بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکیەکانی بدات.لە پێوەند بە خۆرهەڵاتی ناوەراست کاک بابەشێخ ووتی: بە پێچەوانەی چەند دەیەی رابردوو لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا دۆخێکی نوێ هاتووە ئاراوە. رەوتی ئاشتی نێوان وەڵاتانی عەرەبی و ئیسراییل پێشکەوتنی مێژوویی بە خۆوە دیوە.
پێوەندی وەڵاتانی عەرەبی و ئیسراییل تا دێ باشتر و باشتر دەبێ و هەتا دێ وەڵاتی زیاتری عەرەبی پەیوەستی ئەو رەوتی ئاشتیە دەبن. ئیسراییل لەگەڵ هەندێ لەو وەڵاتانە هەتا پەیمانی سەربازی چوونە پێش، هاوکات عەرەبستان و قەتەر کە دوو وەڵاتی گرینگی عەرەبی و کەنداون خەریکی ئاسایی کردنەوەی پێوەندیەکانیانن. ئەوانە کاریگەری راستەوخۆیان دەبێ بە زیاتر گەمارۆدان و گۆشەگیر کردنی رژیمی ئاخوندی.سەبارەت بە ئێران سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ووتی: دەسەڵاتدارانی ئێران ئەو وەڵاتەیان بەهۆی سیاسەتی هەڵە و نەزانانە و دژە خەڵکی رووبەرووی دۆخێک کردووە، کە کەمتر وەڵاتێکی جیهان دەبیندرێ دۆخی بە قەد ئێرانی ئاخوند لێدراو خراپ بێ. ئێران کە وەڵاتێکی دەوڵەمەند بە کانزا، نەوت و گاز و ئاوە، داهاتەکەی لەلایەن دەسەڵاتەوە خەرجی بەرنامە گەلێک دەکرێ کە هیچ سوودێکیان بۆ خەڵک نیە بەڵکوو خەلکی ئێران بەهۆی ئەو بەرنامانەوە تووشی دەیان قەیرانی جۆراوجۆر بوون و بەدەست هەژاری و نەداریەوە دەناڵێنن.رژیمی ئاخوندان داهاتی خەڵکی ئێران خەرجی بەرنامەی ناوکەیی و مووشەکی و پۆشتەکردنی هێزی سەرکوت دەکەن، هەروەها رژیم رێژەیەکی زۆر و بەرچاوی داهاتی خەڵکی ئێران خەرجی ساز کردن و پەرەپێدانی هێزە تیرۆریستیەکان دەکەن. وە هەروەک بەرپرسی ئەو هێزە تیرۆریستیانە لێرەولەوێ ئیشارەی پێ دەکەن، رژیم ساڵانە بە ملوێنان دولار پووڵ دەدا بەو هێزانە. وێڕای پەرەپێدانی بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی و پشتیوانی لە دەستەو تاقمە تیرۆریستیەکان کە بارگرانیەکی زۆری دروست کردووە بەسەر خەڵکی ئێرانەوە، دەسەڵاتدارانی ئێران هەر باند و دەستەیەکیان ئەوندەی بۆیان دەلوێ لە ئەموالی خەڵک دزی دەکەن و وەکوو دەگوترێ رژیمی ئێران تەنیا دەسەڵاتێکە کە پیلانی جۆراوجۆر دادەرێژێ بۆ دزی پووڵ و ماڵی خەڵک و بەتاڵ کردنی سفرەی خەڵکی ئێران.
ئەو دەسەڵاتە بە هۆی سیاسەتی ئاژاوەگێرانە و دەستێوەردان لە ناوچەکە کەوتووەتە ژێر فشاری هێزە ناوچەیی و جیهانیەکان و لە ناوخۆی ئێرانیش خەڵکی ئەو وەڵاتە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بێزرا و نەخوازراو دەبێ و جەماوەری ئەو وەڵاتە لە هەر کاتێکی دیکە ئامادەن بۆ راپەرین و ئینقلابێک کە کۆی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە لەناوبەرێ. لەبارەی دۆخی بەشەکانی کوردستان و بزوتنەوەی مافخوازانەی ئەو بەشانە کاک بابەشێخ وتی: بەداخەوە دۆخی بزوتنەوەی مافخوازانەی بەشەکانی کوردستان لەچاو چەند ساڵی رابردوو جۆرێک پاشەکشەی پێوە دیارە و ئەوەش بەشێکی خەتاکەی دەگەرێتەوە سەر خۆمان کە وەکوو کورد نەمانتوانیوە کەڵک لە دەرفەتەکان وەرگرین.
سەبارەت بە کوردستانی تورکیە بەرێزیان ووتی: چەند ساڵ لەوەپێش لە هەڵبژاردنەکاندا هەدەپە وەکوو کورد دەنگێکی زۆری هێنا دەیانتوانی لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرن و بەشداری لە حکومەتدا بکەن بەڵام بە رەد کردنەوەی ئەو داوایە تەوژمی دژمنایەتی ئاک پارتی و نژاردپەرستەکانیان زیاتر لە دژ هاندرا، لە گەڵ ئەو راستیەی کە لە بنەرەتدا ئاک پارتی مەبەستی ئەوە نەبوو بە یەکجاری کێشەی کورد چارەسەربکا. لە کوردستانی تورکیە بزوتنەوەی کورد ئەگەر چی چالاکە، بەڵام بە هۆی فشارەکانی حکومەتی تورکیەو دابەش بوونی جەماوەری کورد بە سەر دوو بەرەدا کە بەشێک نەیاری دەسەڵاتن و بەشێکی لایەنگری لە دەسەڵات و حیزبەکەی ئوردوغان دەکەن. لە هەڵبژاردنەکاندا لەو شارەوانیانەی هەدەپە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە بێ دەسەڵات کراون، پەرلەمانتارە کوردەکان بەجۆرێک دەنگیان کپ کراوە. بزوتنەوەی بەرنگاربوونەوەی ئەو پەشە کە پەکەکە پێشەنگایەتی دەکات توانای و هێزی لەگەڵ حکومەتی ئوردوغان بەراورد ناکرێ و توانای بەرگری کارای لە ناوخۆی کوردستانی تورکیە دا نیەو لە ئێستادا تورکیە لە دەرەوەی سنوورەکان شەڕی پەکەکە دەکات.
سەبارەت بە کوردستانی عێراق بەرێز سکرتێری گشتی تیشکی خستەسەر هەندێ دۆخی تازە و مەترسیدار لەسەر هەرێمی کوردستان و وتی: بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە دوای راپەرینی 1991 بەدواوە وەکوو نوقتە ئومیدێک بووە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە دروست بوونی حکومەتی هەرێم و پارلەمانی کوردستان و سەرکەوتنەکانی ئەو بەشە لە کوردستان پرسی کوردیان بە گشتی و بەتایبەت لە کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو پێشخست، لەدوای روخانی حکومەتی بەعس و دامەزرانی حکومەتی نوێی عێراق و سەلماندنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە دەستووریی هەمیشەیی ئەو وەڵاتە و بەتایبەتی تر لە کاتی شەڕی داعش دا پرسی کورد لە کوردستانی عێراق لە کۆمەڵی نێونەتەوەییدا بەشێوەیەکی بێ وێنە رەنگی دایەوە و پشتیوانی بۆ کۆبووەوە. بەڵام بەداخەوە بەهۆی کەمتەرخەمی و تەزاد و درز و کەلینی نێوان ئەحزاب و کێشە ئابووریەکان، لەو لاشەوە پیلانی بەردەوامی دژمنان و بە تایبەت رژیمی ئێران بۆ لەبار بردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، وەک دەبینین هەوڵی جۆراوجۆر لە ئارادایە بۆ لە قاڵبدان و پاشەکشە بە مافە دەستووری و سیاسیەکانی کورد لەو بەشە. باشترین هەنگاو لە ئێستادا ئەوەیە کە ئەحزابی کاریگەر و سیاسی ئەو بەشەی کوردستان بە یەکیەتی و برایەتی بەرەورووی پیلانی دژمنان ببنەوەو پارێزگاری لە دەستکەوتەکانیان بکەن.کاک بابەشێخ لە پێوەند بە پرسی کورد لە کوردستانی سوریە وتی: لە دوای کێشە نێوخۆییەکانی سوریە کورد توانی دەست بەسەر ناوچەکانی خۆیدا بگرێ و ئاگری شەڕ لەو ناوچانە بەدوور بێ. لە دوای شەڕی داعش و هێرشی ئەو گروپە تیرۆریستیە بۆ سەر ناوچە کوردیەکان و بەتایبەت شاری کوبانێ و بەرگری و دیفاعی بێ وێنە رۆلەکانی کورد ئەو شارەی کردە نمونەی بەرخۆدان و مقاومەت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاندا بەدەم کوبانێ و کورد بە گشتی لە سوریە بچن لە بەرامبەر تیرۆریستاندا پشتیوانیان لێ بکەن. لە کۆبوونەوەکانی ئاستانەیش هەوڵدراوە نوێنەری کورد بوونی هەبێ و مافەکانی لە سوریەی داهاتوودا بسەلمێندرێ. لە ئێستادا کوردستانی سوریە کەوتووەتە بەر پەلاماری تورکیە و گروپەکانی سەر بەو وەڵاتە. سەبارەت بە کوردستانی ئێران سکرتێری گشتی سازمانی خەبات وتی: پرسی کورد لە کوردستانی ئێران تا ئێستاش نەیتوانیوە ببێتە مێحوەر و خاوەن سەنگ و قورساییەکی ئەوتۆ کە خەڵک و خۆمان چاوەروانیمان هەیە. بەشێک لەم دۆخەی بۆ کوردستانی ئێران خولقاوە دەگەرێتەوە بۆ سیاسەتی سەرکوت و پیلانی جۆراوجۆری ئەو رژیمە دژ بە کورد و بە هەژار هێشتنەوەی ناوچە کوردستانیەکان. لەلایەکی دیکە بزوتنەوەی مافخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران تووشی تاراوگەنشینی و قەیرانی جۆراوجۆر بووەتەوە هەر بۆیە نەیتوانیوە ئەرکانی بەو جۆرەی پێویستە ئەنجام بدات.بەڵام وێڕای هەموو ئەوانە بە خۆشیەوە خەڵکی ئێمە لە ناوخۆ خاوەن هوشیاریەکی سیاسی و نەتەوەیی زۆر باشە و وەک دەبینین چالاکانی ناوخۆ وێڕای بەربەستەکانی حکومەت توانیوانە لە مەیدانە جیاجیاکان خزمەت بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان بکەن. ئومێد دەکرێ لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێک کە چاوەروان دەکرێ لە ئێراندا بێتە پێشەوە چالاکانی ناوخۆ بتوانن بە هاوکاری ئەحزابی سیاسی دەستکەوتی سیاسی بۆ نەتەوەکەمان وەدەست بێنن و بیپارێزن.سکرتێری گشتی لە سەر هەلومەرجی سازمانی خەبات و سیاسەتی لە حاست پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، پێداگری لە سەر بڕیاری سازمانی خەبات بۆ چالاک کردنی هاوکاری و هاودەنگی لە نێوان هێزەسیاسیەکانی کوردستانی ئێران کردەوەو، بە بەشدارانی کۆبونەوەکەی ڕاگەیاند کە سازمانی خەبات بۆ هاوکاری و کاری هاوبەش لە چوارچێوەی جوڵانەوەی مافخوازنەی خەڵکی کوردستان و بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڕژیمی دیکتاتۆر لە ئێران بە تەواوی تێ دەکۆشێ.لە پێوەند بە خەبات لە بەرانبەر ڕژیمی ئێران، سکرتێری گشتی لە سەر بەردەوام بوونی چالاکی و تێکۆشان لە پێناو ڕوخانی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆڕەو هاتنە سەرکاری حکومەتی دیموکراتیک کە مافی تێکڕای نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران دەستەبەر بکات تێ دەکۆشێ. لە کۆتایی باسەکەی کاک بابەشێخ ژمارەیەک لە بەشداران کۆمەڵێک پرسیاریان بەرەورووی سکرتێری گشتی کردەوە و لە لایەن بەرێزیانەوە وەڵام درانەوە.



ئادرەس و ژمارە تەلەفونی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران

TEKOSHAN

http://www.sazmanixebat.org
www.facebook.com/sazmanixebat
http://www.khabatmedia.com
htt//www.lawan.info
www.facebook.com/lawanixebat
telegram /sazmanixebat
Email: sazmanikhabat@hotmail.com

تەلەفون:
کومیتەی ناوەندی:00964750449738
پێوەندی هەولێر: 009647506487209
پێوەندی سلێمانی: 00964772446499

# پێشوازی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات لە بڕیاڕی شەست وحەوتەمین بڕیارنامەی کۆمەڵی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە پێوەند بە مەحکومکردنی ڕژیمی ئێران



هاونیشـــــــتمانیانی تێکۆشـــــەری کوردســــــــتان!
خەڵکـــــی وەزاڵەهـــــــاتوی ئێـــــــران!

بە خۆشیەوە جارێکی دیکە کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە هۆی سەرکوتی بێ بەزەییانەی خەڵک وجێ بە جێ کردنی حوکمی ئیعدام، وە بە تایبەت حوکمی ئیعدامی کەسانی ژێر 18 ساڵ، ئیعتراف و ددان پێدانەکان لە ڕێگەی شکەنجەو ،پێشێلکردنی بەرنامە بۆ داڕێژراوی مافی مرۆڤ،گرتن و زیندانی کردنی دانیشتوانی ئێران بێ بەڵگە، و چەندین پێشێلکاری دیکە، بە زۆرینەی دەنگی 82 ئەندام ڕژیمی ئێرانی مەحکوم کرد.بە پێی ئەم بڕیارنامەیە، پەروەندەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بۆماوەی یەک ساڵ بەکراوەیی دەمێنێتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کارناسانی نەتەوەیەکگرتووەکان قەتڵوعامی زیندانیانی سیاسی بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی ناساندبوو و بە هۆی پێبەند نەبونی ڕژیم بە بڕیارەکان و قانونە نێودەوڵەتیەکان، داوایان کردبوو پەروەندەی ئەو جینایەتانە، بنێردرێ بۆ شورای ئەمنیەتی نەتەوەیەکگرتووەکــــــــان.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران سپاسی قوڵی خۆی بۆ ئەو 82 ئەندامەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە تێکڕاو، نوێنەریووڵاتی کانادا،کە ئەو بڕیارنامەی ئامادە کردبوو، دەردەبڕێ، هەروەها داواکارە ناوەندە جیهانیەکانی پارێزەرو داکۆکی مافی مرۆڤ بە شێوەی کاریگەرتر،کردەوە ستەمگەریەکانی ڕژیمی ئێران بەرانبەر خەڵکی کوردستان و خەڵک و نەتەوەو ئایین و بیروبۆچوون و پێکهاتەکان لە ئێران مەحکـوم بـکەن و دەسـەڵاتدارانی ئێـران ناچـار بـکەن دەسـت لە سـتەمگەری و جینایەتکـاری هەڵگـرن.

سـازمانی خەبـات ی کوردسـتانی ئێـران.
سـکرتێری گشـتی ،بابەشـێخ حوسـەینی.
27ی سەرماوەزی 1399 کۆچی خۆری

# پیرۆز بێ 42 دوهەمین ساڵرۆژی ڕاپەرینی خەڵکی ئێران لە بەرانبەر دەسەڵاتی شادا!

ڕۆژی 22ی ڕێبەندان، ڕۆژی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێـران بە سـەر حکـومەتی سـتەمگەری شاهەنشـاییە، ڕاپەڕینێک کە خەڵکی ئێران و کوردستان هومێدی زۆریـان پێ هەبـوو، بەڵام ئاکـامی سەرکەوتنی ئینقلاب مەینەتـی و چەوسانەوەی چەنـد قـاتی گەلـی کـورد و تێکڕای خەڵکـی ئێرانـی بە دواوە بـوو . ٤٢سـاڵ لەوە پـێش و لە دوای ڕاپەڕینی تێکڕای نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و ڕەنج و فیـداکاری تێکۆشـەرانی ئـازادیخوازو خەڵـک بە تێکـڕا، دەسەڵاتی ستەمگەری حەمەڕەزا شا لە نـاوچوو و خەڵکـی ئێران بە ئامانجی مێژوییـان کە ڕزگـار بـوون لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری شاهەنشاییە،گەیشتن.

ڕوخانی دەسەڵاتی پەهلەوی نوقتە گۆڕانێک بوو لە مێـژووی ئێرانداو هومێدی خەڵکی ئێرانـی بە ئـازادی و ژیـانی خۆش زینـدوو کــردەوە، بەڵام بە داخەوە زۆری پـێ نەچــوو کە خومەینی و ئاخوندە سەرکوتگەرەکانی هاوکـاری، دەسەڵاتی ووڵاتیـان بە دەسـتەوە گـرت و بەریـی خـوێن و فیـداکاری و ڕەنجی جەماوەریان بە فیرۆدا.ئەو دەسەڵاتە نوێیە لە ماوەی چەند مانگدا ستەم و چەوساندنەوەی خەڵکیان بـەربڵاوتـر کـرد و جینـایەت و بێـدادییان لە ووڵاتـدا کـردە کـاری سەرەکیان کە تا ئێستا بە توندترین و بێ بەزەییـانەترین شێوە درێـژەی هەیە.جینـایەت و ستەمگەری ئاخونـدەکان لە ماوەی 42 ساڵ دەسەڵاتیان، بە بەراورد لە گەڵ ستەمگەری حەمەڕەزا شـــا گەلێـــک مەترســـیدارترە، قەتڵوعـــامی تێکۆشـــەرانی ئازادیخواز،ســـەرکوتی نەتەوەو گەلانـــی پێکهێنەری ئێران و بە تـایبەتی سەرکوتی خەڵکی کورد و فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی کوردو میلیتـاریزە کردنی کوردستان، پەیـڕەو کردنـی سیاسـەتی قـۆرغ کـردن و دەست بەسـەردا گرتنـی هەمـوو بەش و ناوەنـدەکانی حکـومەت لە لایەن ژمارەیەک ئاخوند و بە دیـاری کـراوی لە چوارچێـوەی خومەینی و خامنەیی و کەسانی دەوروبەریـان، تێ نەپەڕیوە. دەسەڵاتی ئاخوندەکان بووە هۆی لە ناوبردنی هەمـوو بنەما ئینســـانی و نەتەوەیـــی و کەلتـــوورە بـــاش و بەرزەکـــانی کۆمەڵگە، لە مـاوەی ئەو سـاڵانەی دەسەڵاتیـاندا.حکـومەتی ئاخونـدە سـەرەڕۆکان بـوونە هـۆی سـەرهەڵدانی جەنـگ و وێرانی،بێکـاری و گرانـی، فەسـادی کـۆمەڵایەتی و دەیـان کێشەی دیکە لە ئێراندا.ڕاستە کە پێویستە جەماوەری ئێران لە یادی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە بەرانبەر دەسەڵاتی شادا، شـادی بگێـڕن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا بە هۆی بە تـاڵان بردن و دزینی بەرهەمی ڕاپەڕینی ڕێبەنـدانی 1357ی کۆچی خۆری، لە هەست بەشادی دەبێ شین بگێڕن و پەژارە دایـان گرێ.لە 42 هەمین سـاڵڕۆژی سەرکەوتنی ڕاپەڕینـی تێکڕایـی خەڵکی ئێـران لە بەرانـبەر حکـومەتی شـادا،بەرزترین و بە بـایەخترین ئەرک بەردەوام بــوون لە تێکۆشـانی کـۆڵنەدەرانەیە بـۆ ڕوخـانی ڕژێمـی دیکتـاتۆری ویلایەتـی فقیە و هـاتنە دیـی دیموکراسـی و ئاشـتەوایی و پێکەوە ژیـانی کـۆمەڵایەتی و دابین کردنی مافەکانی گەلـی کـوردو گەلانـی ئێـران بە تێکـڕاو دامەزرانـی حکـومەتی دیموکراتیـــــک و پارلـمـــــانی لە ئێرانـــــــدا.

بڕوخـــــێ دەســـــەڵاتی دیکتـــــاتۆری ئاخونـــــدی.
بەڕێز بێ یادی سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران بە سەر دەســــــــەڵاتی شاهەنشــــــــاییدا.
کـومیتەی ناوەنـدی سـازمانی خەبـات ی کوردسـتانی ئێران
23ی ڕێبەنـــــدانی 1399 کـــــۆچی خـــــۆری.

# پیرۆزبایی سازمانی خەبات بەبۆنەی سزادانی ئەسەدوڵلا ئەسەدی و هاوکارەکانی




بە خۆشیەوە دادگای ئانتۆرپی بلژیک، پاش دوو ساڵ لێکۆڵینەوە، سەرەنجام ڕۆژی پێنج شەممە ١٦ی ڕێبەندان بەرامبەر بە ٤ی فێبریەی ٢٠٢١، سزای ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ گەورە دیپلۆماتکاری ڕژیم ئەسەدوڵڵای ئەسەدی بە تاوانی ئەنجامدانی کردەوەی ترۆریستی دەرکرد.هاوکاتیش هاوکار و داروودەستەکانی دیپلۆماتی ڕژیم، بە ناوەکانی نەسیمە نەعامی بە ١٨ ساڵ زیندانی، مێهرداد عارفانی بە ١٧ساڵ زیندانی و ئەمیر سەعدوونی بە ١٥ ساڵ زیندانی سزا دران. ئەسەدوڵڵا ئەسەدی و هاوکارەکانی، قەراریان بوو کۆبونەوەی مانگی پووشپەڕی ١٣٩٧ی ساڵانەی شۆرای میللی مقاومەتی ئێران لە پاریس بکەنە ئامانج کە بە بڕیاری ڕاستەوخۆی ڕێبەرانی ڕژیمی ئێران بووەو، بۆمب و کەرەستەکانیان بە جانتای دیپلۆماتکارانیان گواستۆتەوە بۆ ناو خاکی ئوروپا.لەو کۆبوونەوە بەرینەدا خانم مریەمی ڕەجەوی و ئەندامانی سەرکردایەتی سازمانی خەبات و سەدان دیپلۆماتکار و کەسایەتـــی سیاسی لە سەرانسەری جیهان بەشدار بوون و وتاریان پێشکەش کرد.ئەگەر ئەم تەقینەوەیە ڕووی بدایە، زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی بەدواوە دەبوو و سیاسەتمەدارانی ئێرانی و کوردستانی و جیهانی دەبوونە قوربانی ئەو پیلانە جینایەتکار و قێزەونەی ڕژیمی ئاخوندی.ئەم بڕیارەی دادگا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ بەرەی ئازادیخوازان و دژبەرانی ڕژیمی ئاخوندی، چونکە ساڵانێکە ڕژیمی ئاخوندی لە ڕێگای دیپلۆماتکارە تروریستیەکانی،کردەوەی تیرۆریستی و کوشتن لە هەموو ووڵاتانی جیهان وبە تایبەتی لە ئوروپا بەڕێوە دەبا، بەڵام ئەمە یەکەم جارە دیپلۆمات ترۆریستێکی ڕژیم لە دادگایەکی ئوروپایی بەو تـــۆمەتە ســـزا بـــدرێت.

سازمانی خەبات بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی و بە تاوانبار ناساندنی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی و هاوکارانی، پیرۆزبایی بە بەڕێز مەسعود ڕەجەوی و خانم مریەم ڕەجەوی و شورای میللی مقاومەت و تێکرای خەباتکارانی ئازادیخواز لە مقاومەتی سەرانسەری پێشکەش دەکات.

بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری و ڕوخانی ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی و ڕزگـــاری خەڵکـــی ئێـــران و کوردســـتان.

کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

# بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا لەنێو هێزەکانی سپای ترۆریستی پاسداران

هاوکات لەگەڵ سێیەمین مانۆڕی سەربازی ئێران لە دوو حەوتوویی ڕابردوودا، هێزەکانی سپای ترۆریستی پاسداران بەهۆی ڕەچاونەکردنی ڕێکارە تەندرووستیەکان، تووشی کۆڕۆنا بوون. هەرئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە سپای ترۆریستی پاسداران هاوکاری وپێداویستی زۆرتری لە وەزارەتی تەندروستی داوا کردووە.لەزۆربەی شارەکان کە ئەم مانۆڕانەی تێدا جێبەجێ کراوە، بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی بەرچاو لە سەربازە بەشداربووەکان تووشی کۆڕۆنا بوون و گوازراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە، نەخۆشخانەکان جێگایان نەماوە.پارێزگاکانی ناوەند و باشووری ئێران زۆرترین ڕێژەی تووشبووانیان لەنێوان هێزە سەربازیەکان دا هەیە.بەپێی ڕاپۆرتەکان وێڕای ئەم مانۆڕانە، ڕێوڕەسمی ئایینی (ایام فاگمیە) بەڕێوەدەچێت کە هەزاران کەس لە هێزەکانی سپا وبەسیج بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێکارە تەندروستییەکان بەشداردەبن و ئەمە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان، و هەروەها بەشداری نەکردنی خەڵکی ئاسایی، ڕژیمی ناچارکردووە تا بەسیج وهێزە ئینتزامییەکان بەتایبەت سپا وبەسیج ناچار بە بەشداری بکات. ێشتریش هەواڵی زۆر لەسەر تووشبوونی هێز وفەرماندەکانی سپای ترۆریستی پاسداران و هێزی قودس بڵاو بۆتەوە.کیومەرس حەیدەری" فەرماندەی هێزی زەوینی سوپای ڕژیمی ئێران ڕۆژی دووشەممە ١٨ی ژانویە، ڕایگەیاند کە ڕۆژی سێشەممە هاوکات لەگەڵ ڕێوڕەسمی سوێند خواردنی جۆ بایدن لە کەنار ئاوی دەریای عەمان، مانۆڕی سەربازی بە بەشداری هێزەکانی هەوابۆرد"،کۆماندۆ" و تیپی کاردانەوەی خێرا" بەڕێوە دەبات.هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاڵۆزی نێوان تاران و واشنگتۆن، ئەمە سێیەمین مانۆڕی نیزامییە کە ئێران لەماوەی دوو حەوتوویی ڕابردوودا بەڕێوەی دەبات.

